نووسینی: د. أماني زكريا الرمادي

# چۆن باڵاپۆشی لای کچەکەت خۆشەویست دەکەیت؟

وەرگێڕانی: زانا قەرەداغی

ناوی کتێب: چۆن باڵاپۆشی لای کچەکەت خۆشەویست دەکەیت؟

نووسینی: د. أماني زكريا الرمادي

وەرگێڕانی: زانا قەرەداغی

پێداچوونەوەی: سایە فارس

دیزاین: گۆڤاری بریار

نۆبەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠١٦ ز - ١٤٣٧ ك

تیراژ: ٤٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردنی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

ژمارەی «       »ی ساڵی ٢٠١٦ی پێ دراوە

مافی لە چاپدانی پارێزراوە

## گروپی نما بۆ چاپکردنی کتێب و بەخشینی بەدیاری

## بەخشینێکی کەم و پاداشتێکی نەبڕاوە

ئەم گروپە لە ئێستا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك ٦٠ ئەندامی هەیە کە هەر ئەندامێك دەبێت چوارمانگ جارێك بڕی لانی کەم (٢٥٠٠٠) دینار بدات ئەگەر لە کوردستان بوو بۆ ئەو کەسانەی لەدەرەوی کوردستان دەبێت لانی کەم چوار مانگ جارێك بڕی (٥٠ دۆلار) بدات تا کۆبکرێتەوە کتێبی پێ چاپ بکرێت و بەدیاری ببەخشرێت. هەموو کەسێك ئەتوانی ئەو پاداشتە نەبڕاوە بەدەست بهێنێت. بەخشینێکی کەم و پاداشتێکی نەبڕاوە.

## گروپی نما بۆ چاپکردنی کتێب و بەخشینی بەدیاری

بۆ هاوکاریکردنی ئەم گروپە پەیوەندی بکەن بەم تەلەفونانەوە

ئاسیاسێل: ٠٧٧٠١٤٨٦٢٦٣

کۆرەك: ٠٧٥٠٣٢٤٠١٨٠

ژمارە حسابی بانکی کوردستان

بۆ ناوخۆی کوردستان: ٣١٢٧٠٠٣

بۆ دەرەوەی کوردستان:

Swift code: KIBIIQBAXXX

Account Namber 3127003

# چۆن باڵاپۆشی
# لای کچەکەت
# خۆشەویست دەکەیت؟

## پێشەکی

سبحان الله العليم الحكيم، والحمدلله رب العالمين، والصلاة والسلام على خاتم النبين سيدنا محمد ومن تبعه بإحسان الى يوم الدين وبعده.

باڵاپۆشـــی یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی ئیســـلام... هەرچەندە ئـــەم بابەتە لە ئێســـتادا مایـــە دڵتەنگی و نارەحەتییە، وا پێویســـتە کـــە ئەم کارە ڕێکبخرێتـــەوە چونکە دیاردەی پۆشـــینی جل و بەرگی باڵاپۆشی لەناو خوشکان وردە وردە بەرەو کەمبونەوە دەچێت.

ئەم دیاردەیەش هۆکارگەلێکی هەیە، لەوانە: کێشە دەرونییەکان کە بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی خێزان دروست دەبێت، سەرقاڵی دایك و باوك، لاوازی ئیمان، کەمبونەوەی پشـــت بەســـتن بە پەروەدگار، پابەندبوون و گوێڕایەڵی بۆ مرۆڤ و جنۆکەکانی هاوڕەوشـــتی شـــەیتان، یان ڕازی بون بە باڵاپۆشی بەو مانایایەی ئەوە ئامانجێکی براوەیە لە گوێڕایەڵی ئافرەت بۆ پەروەردگاری خۆی، هەرکات هۆکار زانرا سەرسامی نامێنێت ئەوکاتەش چارەسەرکردنی گرفتەکان ئاسان دەبێت .

بەڵام ئەم نەوە تازەیە کە دێن دەتوانین هەر لەســـەرەتای قۆناغی منداڵییەوە باڵاپۆشیان لاخۆشەویست بکەین و لەتەمەنی پێگەشتوییدا پۆشاکی شەرعی لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە لەبەر بکات و بەشەرم و شکۆو داوێن پاکییەوە شانازی بکات.

ئەوەی نوسەری ئەم کتێبە مەبەستییەتی گەیشتنە بە مەبەستێکی

بەرزو پیرۆز ئەوەی پێکاومە لە فەزڵ و منەتی پەروەردگارەوەیە هەر کەمو کوریتی و هەڵەیەکیش هەبوو ئەوا لەنەفس و شــەیتانەوەیە .... کۆتا وتەشم سوپاسی پەروەردگاری جیهانیان دەکەم بۆ ڕەخساندنی ئەو هەلەی بابەتێکی گرنگی وەك حیجاب بگەیەنمە دڵی دایكو خوشــكو کچەکانمان.

## ١. حیجاب مانای چییە؟

حیجاب واتە داپۆشینی جوانییە کانی ئافرەت، حیجاب ئەوداپۆشەرەیە کە هەموو لەش و لاری ئافرەت دادەپۆشیت جگە لە هەردوو دەست و دەم چاوی نەبێت، بەڵگەش بۆئەم قســەیە ئەو فەرمودەیەی کە دایکی ئیمانداران خاتوو عائیشــە ڕەزای خوای لەســەر بێت گێڕاویەتییەوەو دەفەرمویێت: (اسماء بنت ابی بکر دخلت علی النبي (ﷺ)، وعلیها ثیاب رقاق فاعرض عنها وقال: یا اسماء ان المراة اذا بلغت المحیض لم یصلح ان یری منها الا هذا واشار الی وجهة و کفیة)

واتــە: لەخاتو عائیشــە دایکی ئیمانــداران دەگێڕێتەوە کە جارێك خاتــوو ئەســمای کچی ئەبوبەکر هات بــۆلای پێغەمبەر (ﷺ) جلێکی تەنکــی لەبەردا بوو پێغەمبەر (ﷺ) ڕوی لێوەرگێڕا وە فەرموی :ئەی ئەسما کاتێك ئافرەت گەیشتە تەمەنی پێگەشتن و بلوغ نابێت لەش و لاری بەدەرەوە بێـت جگە لە لەمە کە هێمای بۆدەمو چاو دەستی کرد.

## مەرجەكانی:

* نابێت تەسك بێت (دەبێت پان و پۆڕبێت).

* نابێت تەنك بێت (جەستەو لەش و لاری دەربكەوێت).

* نابێت ســەرنج ڕاكێش بێت، (نابێت ئاڵتون و جوانكاری. یاخود ڕەنگی پۆشاكەكە زۆر سەرنج ڕاكێشەربێت).

* نابێــت بۆنی خۆشــی دابێت لەخۆی(هەڵبــەت بۆدەرەوەی ماڵی خۆی).

* نابێت لە پۆشاك و جل و بەرگی پیاوان بچێت.

* نابێت بۆناو شۆرەت و خۆنمایش كردن بێت.

مەبەســت لەفەرمان كرد بە پۆشــینی حیجاب داپۆشــینی جوانی ئافرەتــە بۆیە نابێت پۆشــینی حیجاب خۆی ببێتــە مایەی جوانی و سەرنج ڕاكێشان. (ابوداود گێڕاویەتییەوە).

وەنابێت ئافرەتان وابیر بكەنەوەكە دەرخستنی قاچیان بەعەورەت نەزانن بیانەوێت بە گۆرەویی تەنك دای پۆشن كە ئەمە زیاتر جوانی نیشان دەدات.

## بۆچی باڵاپۆشی؟

فەرمانێكــی ڕون و ئاشــكرای پــەروەدگارو پەیامبەرەكەیەتــی. پــەروەردگار فەرمانــی بــە ئافرەتــان كــردووە كە باڵاپــۆش بن وە دەفەرموێــت: ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ﴾ النور ٣٠

واتــە: (ئـەی پێغەمبەر (ﷺ) بــە پیاوانی ئیمانــدار بڵێ: چاویان بپارێــزن (لەســەرنجدانی ئافرەتانی نامەحــرەم) هەروەها نامووس و عەورەتــی خۆیان لە حەرام بپارێــزن، بێگومان ئەوە پاکترو پوختترە بۆیان (بۆ دڵ و دەروون و ڕواڵەت و ڕۆح و لاشــەیان) بەڕاســتی خوا ئاگادارە بەو هەڵس و کەوت و ڕەفتارانەی کە دەیکەن.).

وەلــە ئایەتێکی تــردا دەفەرموێــت: ﴿وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَـٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ﴾ الاحزاب ٣٣

واتە: (زینەت و جوانی خۆتان دەرمەخن وەکوو ســەردەمی نەفامی یەکەم).

بەهەمــان شــێوە پەروەدگارلەقورئانــدا ڕاســتەوخۆ ڕوودەکاتــە پەیامبەرو دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَـٰبِيبِهِنَّ﴾ الاحزاب ٥٩

واتە: (ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوسەرانت و کچەکانت و ئافرەتانی ئیماندار بڵێ: کە بە پۆشاکی بالاپۆش خۆیان داپۆشن ئەوە لەبارترین شــتە کە پێی بناســرێن، تا ئازار نەدرێن و (توشی گیروگرفت نەبن)، هەمیشــەو بــەردەوام خوا لێخۆشــبوو میهرەبانە (لە کــەم و کووڕی ڕابوردووتان خۆش دەبێت).

هەرچــۆن پێغەمبــەر (ﷺ) لە فەرمودەکەی خاتو عائیشــە دا کە باسمان کرد فەرمانی کردووە بە بالاپۆشی ئافرەتان ، پۆشینی حیجاب گوێڕایەڵــی کردنــی خــوای پــەروەردگارو پێغەمبەرەکەیەتــی (ﷺ)

پەروەدگار لەقورئانی پیرۆزدا ئەفەرمویێت: ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴾ الاحزاب ٣٦

واتــە: (بۆ هیچ پیاوێکی ئیمانــدار یان ژنێکی ئیماندار، نیە کاتێك کە خواو پێغەمبەرەکەی بڕیاری شــتێك بدەن ئەوان سەرپشك بن (لە ئەنجامدانــی ئــەو کارە، چونکە) ئەوەی ســەرپێچی بکات لە فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی ئەوە ئیتر بە ئاشکرا گومڕاو سەرلێشێواوە).

ئینجــا ئــەوە فەرز کراوە لەســەر هەمــوو ئافرەتێکی بــاوەڕداری پێگەیشــتو وەکو چۆن لەقورئان و سونەتدا هاتووە، ئەوەندەش بەسە کە بزانی پاداشــت و ســەوابی ئەوانەی گوێڕایەڵی پەروەردگار دەکەن چۆنە کە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکراوە:

﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴾ النساء ١٣

واتة: (جا ئەو کەســەی فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەکەی بکات (لــەم بوارەداو لــە هەموو بوارەکانی تــردا)، ئەوە خــوا دەیخاتە ناو باخەکانی بەهەشــتەوە: کە چەندەهــا ڕووبار بەژێــر درەختەکانیدا دەڕوات، هــاوڕێ لەگــەڵ ژیانی نەبڕاوە تیایدا، بێگومان هەر ئەوەشــە سەرفرازیی گەورە و دەستکەوتی بێ سنوور.).

﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّۦنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَ ۚ وَحَسُنَ أُو۟لَٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴾ النساء ٦٩

واتــە: (ئەوەی فەرمانبــەرداری خواو پێغەمبەر بــکات، جا ئەوانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبن (لە بەهەشتی بەریندا) کەخوا نازونیعمەتی ڕژانــدووە بەســەریاندا لەپێغەمبــەران و ڕاســتگۆیان و شــەهیدان و پیاوچــاکان، ئای کە ئەوانە هــاوەڵ و هاوڕێ و هاودەمێکی چاك و بێ وێنەن!)

﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَخۡشَ ٱللَّهَ وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ﴾ النور ٥٢

واتــە: (جا ئەوەی فەرمانبــەرداری خــواو پێغەمبەرەکەی بکات و لە خوا بترســێت و لەســەر پێچی و نافەرمانی خۆی بپارێزێت، جا ئا ئەوانە سەرفرازو بە ئاوات گەیشتوون.).

﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾ الاحزاب ٧١

واتــە: (جا ئەوەی فەرمانبــەرداری خــواو پێغەمبەرەکەی بکات و لە خوا بترســێت و لەســەر پێچی و نافەرمانی خۆی بپارێزێت، جا ئا ئەوانە سەرفرازو بە ئاوات گەیشتوون.).

﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدۡخِلۡهُ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَمَن يَتَوَلَّ يُعَذِّبۡهُ عَذَابًا أَلِيمًا ﴾الفتح ١٧

واتــە: (ئــەوەی کەفەرمانبــەرداری خــواو پێغەمبەرەکــەی بکات، دەیخاتە باخەکانی بەهەشــتەوەکەچەندەها ڕووبــار بەژێر درەخت و کۆشکەکانیاندا دەڕوات، ئەو کەسەش کەپشت هەڵکات، خوای گەورەسزای بەئێش و ئازاری دەدات).

* لەبەر ئەوەی حیجاب باوەڕە

لەبەر ئەوەی پەروەدگار کاتێك لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی کردووە بە ئافرەتانی باوەڕدار بەم شـــێوە باسی کردوون (وقل للمؤمنات) واتە بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ وەهەروەها فەرمویەتی (ونساء المؤمنين).

* چونکــە پاکیزەکان جیــا دەکاتەوە لەوانیتــر وپارێزراو دەبیت لەتەنگ پێ هەڵچنین و گێچەڵی کەسانی خراپ و نالەبار

لەو بارەیەوە خودای کردگار دەفەرمویّت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَـٰبِيبِهِنَّ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ الاحزاب ٥٩

واتە: (ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوسەرانت و کچەکانت و ئافرەتانی ئیماندار بڵێ: کە بە پۆشاکی باڵا پۆش خۆیان داپۆشن ئەوە لەبارترین شــتە کە پێی بناســرێن، تا ئازار نەدرێن و (توشی گیروگرفت نەبن)، هەمیشــەو بــەردەوام خوا لێخۆشــبوو میهرەبانە (لە کــەم و کووڕی ڕابوردووتان خۆش دەبێت).

* لەبەر ئەوەی حیجاب داپۆشەرو هێمای شەرمو شکۆیە

خوای گەورە کەسانی خاوەن شەرم و حەیایی خۆشدەویێت ، هەروها پەروەردگار یەکێك لە ســیفەتەکانی داپۆشــەرە وکەســانی داپۆشراوی خۆشــدەویێت، پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی شــەرمو حەیاوە دەفەرمویێت: "ان لكل دين خلقا وان خلق الاســلام الحيــاء" واتە: بۆهەموو ئاینێك ڕەوشتێك هەیە لە ڕاســتیدا ئاکاری ئیسلام ڕەوشتە، یان دەفەرمویێت:

"الحياء من الايمان، والايمان فى الجنة" شـــەرم و حەیا لە ئیمانەوەیە، ئیمانیش لەبەهەشتدایە.

یان دەفەرمویێت: "الحياء خير كله" شەرم و شکۆ باشی هەموویانە.

* جەستەو لەش و لاری ئافرەت ئامانەتە

خـــودای گـــەورە داویەتـــی پێـــی نرخی ئـــەو ئامانەتە داپۆشـــینی پارێزگاریی کردنە لێی، هەرکەســـێك ئامانەت نەپارێزێت ئەوا ئیمانی نییە[1].

* حیجاب نیشانەی ڕێزە:

خـــوای گەورە ڕێزی لە نـــەوەی ئادەم گرتووە فەزڵی داوە بەســـەر سەرجەم بونەوەرەکانی تردا و هەندێك تایبەت مەندی داوە بە مرۆڤ کـــە نەیداوە بەدروســـتکراوەکانی تر لەوانە (داپۆشـــینی عەورەتی بە زیندوی و مردویی، حیجابی ئافرەت داپۆشەرەی لەش ولاری یەتی).

* حیجاب پاکژییە

بەپێی ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار:

﴿وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَٰعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍۚ ذَٰلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّۚ﴾ الاحزاب ٥٣

واتە: (ئەگەر داوای شـــتێکی پێویســـتان (لە خێزانەکانی پێغەمبەر کرد) لە پشـــتی پەردەوە داوای لێبکەن، ئا ئەو جۆرە ڕەفتارە چاکتر و پاکترە بۆ دلی ئێوە و ئەوانیش).

---

[1]-٩٤٩ موطا مالك، البخارى كتاب الادب - باب ٧٧ موسليم گێڕاویەتییەوە.

لەبەر ئەمەیە پەروەردگار حیجابی وەصف کردووە بەوەی کە پاکژی دڵ و دەروونــە بۆ پیاوانی باوەڕدارو ئافرەتانی باوەڕدار، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەچاو کەســی بەرامبەر نەبینی ئەوا دڵ ئارەزوی ناکات، بۆیە ئەگــەر ڕێگــری لە بینینەکە کرا ئەوا دڵئارام و ئاســودە دەبێت، بۆیە حیجاب دانراوە بە پاکژی چونکە چاوی ئەو کەســە دڵ نەخۆشانە لە بینین دەپارێزێت، پەروەردگار ئەفەرموێت: ﴿ فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا ﴾ الاحزاب ٣٢

واتە: (قســە بەناســکی و شــێوەیەك مەکەن، نەوەکــو ئەوەی دڵی نەخۆشــە بووروژێت و نیــازی خراپ بکات، هەمیشــەو بەردەوامیش قسەی چاك و بەجێ بکەن کە هیچ کەس نەتوانێت ڕەخنەی لێبگرێت).

لە ئایەتێکی تــردا پەروەردگار دەفەرموێــت: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ ذَٰلِكَ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ ﴾ الاعراف ٢٦

واتە: (ئەی نەوەی ئادەم، ئێمە بەڕاستی پۆشاکی لەبارمان بۆ فەراهەم هێناون، عەورەت و ئەوەی پێتان ناخۆشــە دەربکەوێت دای ئەپۆشێت، هەروەهــا جــل و بەرگی جوانیش کە خۆتانی پــێ بڕازێننەوە (بەڵام بیرتان نەچێت) کە پۆشــاکی تەقواو خواناســی چاکتر و خێردارتر و بەفەڕترە، ئەو پۆشاکە (ماددی و مەعنەویانە) لە نیشانە و بەڵگەکانی خوای گەورەن بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن و (یادی بەهەشت بکەن).

## *حیجاب مایەی غیرەتە

حیجاب غیرەتە ئەوەش گونجاوە لەگەڵ ئەو غیرەتەی پیاو هەڵگریەتی بەگشتی هەڵدەچن لەوسەیرکردن و ڕوانینە ناپاکانەی بەرامبەر هاوسەرو کچیان دەکرێت، لەســەردەمی نەفامیداو پاشــان لەسەردەمی ئیسلامدا چەندین شەڕهەڵگیرساوە لەبەر پەرۆشی بۆ حورمەت و ڕێزی ئافرەت، ئیمامــی عەلی ڕەزای خوای لەســەربێت دەفەرموێت :پێم گەیشــتووە کە خێزانەکانتان شان بەشــانی کافرە عەجەمەکان دەبن لەبازاڕەکاندا ئەوە غیرەتان نابزوێ؟ خێر لەکەسێکدا نییە ئەگەر غیرەتی نەجوڵێ، لەشــەهید کردنی ئیمامی عوســمان ڕەزای خوای لەسەر بێت لەکاتێکدا هەوڵــی شــەهید کردنی درا خاتو نائیلەی هاوســەری ویســتی هێرش بەرەکان بە فرێدانی خیمارەکەی ســەری دووربخاتەوە چونکە پیاوانی ئەو سەردەمە زۆر بەغیرەت بوون لەهەر شوێنێکدا ئافرەتێکیان بدیایە خیماری بەســەرەوە نەبوایە دوور دەکەوتنەوە، ئالەو کاتە نارەحەتەدا ئیمامی عوسمان بە خاتوو نائیلەی هاوسەری ووت وەڵا لەت لەت بکرێم ئەوەم پێخۆشترە لەوەی یەك تاڵە مویەکی تۆببینن!

## خۆشەویستی بۆ باڵاپۆشی چییە؟

خۆشەویســتی بۆباڵاپۆشــی ئەوەیە کە ئافرەت واهەســت بکات کە باڵاپۆشی بەشــێکە لە جەستەیو داپۆشــەریەتی، ئامرازی ژیانییەتی، ناونیشــانی داوێن پاکییەتی، ڕێگایەکە بۆ دەربڕێنی خۆشەویســتی بۆ پەروەردگاری، وەپەیژەیەکە بەرەو بەهەشتی دەبات.

## بۆچی هەوڵبدەین بە منداڵی بالآپۆشی لای کچە کانمان خۆشەویست بکەین؟

ا. لەبــەر ئەوەی بــاوك و دایك و پــەروەدكاری منـــداڵ لەبەردەم پــەروەدگاردا پرســیاریان لێدەکرێــت لەبــارەی کچەکانیــان کە چۆن پەروەردەیان کردوون، وە بۆچی پێیان نەوتون کە گوێڕایەڵی فەرمانی پــەروەردگار بکــەن، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویێــت: "کلکم راع وكلكم مســؤل عن رعيته" واتە هەمووتان شــوان و بەرپرســیان لەوانەی کە لەبەردەستاندان.

ئەمە بەشــێوەیەکی گشــتی، بەڵام بەنســیبەت پیاوێك کەخێزانی هەبێت یاخود باوك و برا ئەگەر فەرمان نەکەن بەســەر ئافرەتەکاندا ئــەوا بە (بــێ غیرەتە) واتە ناتوانێت پارێــزگاری لە ڕێزو حورمەتی ئافرەتەکەی بکات (ئەو جۆرەکەسانە ناچنە بەهەشتەوە).

ب. لەبەر ئەوەی لە ئیسلامدا فەرمان کراوە کە منداڵ بەر لە کاتی پێگەشــتنی فێری پەرســتش بکرێت و ڕابهێنرێت لەســەری بۆنمونە نوێژ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردوین کە نوێژ فێری منداڵ بکەین لە تەمەنی حەوت ســاڵیدا وە لە دە ســاڵیدا ئەگەر نەیکرد لێی بدەین (لێدانێك کە زیانی نەبێت)، ئەم تەمەنەش بەر لە تەمەنی پێگەشتنە.

(بلــوغ) پێغەمبەر (ﷺ) نوێــژی جیاکردۆتەوە چونکە نوێژ کۆڵەکەی دینە، ئەگینا بالآپۆشــی لەســەر کچان واجبــە بەفەرمانێکی ڕونو بێ پێچوو پەنای پێغەمبەر (ﷺ).

ج. ئەگەر له تەمەنی منداڵیدا سەربەستیمان پێدا بەوەی کەحەزی پێدەكات لەبەری بكات، (وەك چاولێكەری ئەوانەی كە زۆر پابەندنین) ئەوا كە گەیشـــتنە تەمەنی پێگەیشتووی بتەوێ پێی بلێیێ ئەو پۆشاكە لەبەر بكە ئەوا توشـــی ئاستەنگ دەبیتەوە چونكە لە منداڵییەوە ڕات نەهێناوە بۆ ئەویش قورســـەو تۆش توشـــی پەرچە كـــردار دەبیتەوە لەلایەن ئەوەوە.

ئەم كارەش وایە :ئەگەر بەمنداڵی باڵاپۆشـــی لا خۆشەویست بكەین و وای لـــێ بكەین كە باڵاپۆشـــی بـــە قەناعەتی خۆیـــی لەبەری بكات .بەرلـــەوەی ئێمـــە وەكو فەرمان پێی بڵێین باڵاپۆشـــی بـــكات خۆی بە ویستی خۆیی ببێتە باڵاپۆش.

د.ئەگەر باڵاپۆشی بەمنداڵی لا خۆشەویست نەكەین وخۆی قەناعەتی پێی نەبێتو بەزۆركردمانە بەری ئەوا كەچاوی ئەوكەسەی لەسەر نەما لەبەری لای دەبات، یاخود پێی وترا ئەگەر واز لە حیجاب نەهێنی ئەو دورت دەخەینەوە لەفەرمانگەكە ودەرت دەكەین ئەویش لای دەبات.

## چۆن كچەكانمان لەسەر خۆشویستنی باڵاپۆشی ڕابێنین؟

### بەر لەهاوسەرگیری:

یەكەم هەنگاوی ئەم كارە لەوكاتەوە دەست پێدەكات كە پیاو بەدوای ژنێكـــی خاوەن ڕەوشـــتدا بگـــەڕێ تابیكاتە هاوســـەری خۆیی و دایكی منداڵەكانـــی ئەوكاتەش كە كچێك لە ئامێزی وەها دایكێكدا گەورەبوو ئەوا باڵاپۆشی دەبێتە كارێكی ئاسایی و بێ گرفت دەبێتە باڵاپۆش.

دوای هاوسەرگیریی:

پێویستە لەسەر دایك و باوك کە ماڵ و لانەیەك بنیات بنێن لەسەر بناغەی ڕێز و خۆشەویستی و لێبوردەیی هەتا منداڵەکان لەکەشێکی ئارامدا بژین و گەورە بن دوورلە کێشە دەروونییەکان کە دواتر سەردەکێشێ بۆ بێ گوێی کردن و سەرکەشی و بەقسەنەکردنی دایك و باوك.پێویستە کە دایك و باوك هەمیشە لە پەروەرگار بپاڕێنەوە کە نەوەی باش و چاکیان بداتێ، قورئانی پیرۆز لە چەند ئایەتێکدا ئاماژەی بەو نزاو پاڕانەوەیە کردووە بۆنمونە: ﴿ رَبِّ هَبۡ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةٗ طَيِّبَةًۖ إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴾ واتە: (پەروەردگارا نەوەی چاك و پاکم پێ ببەخشە، بەڕاستی تۆ بیسەری دوعا و نزایت).

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ رَبَّنَا هَبۡ لَنَا مِنۡ أَزۡوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعۡيُنٖ وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴾ واتە: (پەروەردگارا لە هاوسەران و نەوەکانمان کەسانێکمان پێ ببەخشە کە ببنە مایەی ڕووناکی دیدەمان و شادمانی دڵمان و بمان کە بە پێشەوا بۆ پارێزکاران و خواناسان).

ئەم کارە زۆر پێویستە کەهەمیشە بپاڕێنەوە چونکە شەیتان سوێندی خواردووە کە نەوەی ئادەم گومڕاو سەرگەردان بکات لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکردووە کە دەفەرموێت: ﴿ لَأَحۡتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٗا ﴾ الاسراء ٦٢

واتە: (بێگومان هەموو نەوەکانی گومڕاو سەرگەردان دەکەم جگە لە کەمێکیان (کە دەسەڵاتم بەسەریاندا نیە).

## قۆناغی کۆرپەلە بوون:

پێویستە دایك لە کاتی دووگیانیدا زۆر نزیك بێتەوە لە پەروەردگار بە پەرستشــە جۆراو جۆرەکان تا دڵ دەروونی هەســت بە ئاســودەیی و ئارامــی بکات، ئەم هەســت کــردن بە ئارامییە منداڵــە کۆرپەکەی ناوسکیشی هەستی پێدەکات کە ئەمەش ڕامی دەکات لەسەر پەرستشی پەروەردگار کە گەورە بووگەشەی کرد.

## لە دایك بوون هەتا تەمەنی ٢ساڵی:

هەرلەســەرەتاوە وا پێویست دەکات کە دایك شەرم شکۆ فێری کچە کەی بکات چونکە حەیاو شەرم بناغەی باڵاپۆشی یە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی "خیرکلە" واتە لەهەمووی باشــترە وە یان دەفەرمویێت لا یاتی الا بخیر.

تەنانەت لەو تەمەنە کەمەدا وا باشــە کــە دایك داییبیەکەی لەبەر چــاو خەڵکدا نەگۆڕێت هەرلەســەرەتاوە وا باشــە کــە نەهێڵی گیانی دەربکەوێت، وە لەبەر چاوی کەســدا جــل و بەرگی نەگۆڕێت دایك وا هەست نەکات کە منداڵەکەی بچوکەو هەستی ئەو شتانەی نییە، منداڵ دەزانێ و هەستی هەیە بەڵام ناتوانێت دەری ببڕێت، بۆیە تا ئەم کارە دایك لەسەرەتاوە و زووتر بکرێت باشترە.

دوای ئەمــە ڕۆڵی کەســی پێشــەنگ دێت چونکە منــداڵ حەز بە دەرخســتن و زانینی شــتەکانی دەوروبەری دەکات کاتێك منداڵ بینی دایکی دەچێت حیجابەکەی بکاتە بەری کاتێك میوانێکییان هاتووە کە

بەم مەحرەم نییە وەهەســتی کرد دایکی بێ پۆشــینی سەرپۆشەکەی ناچێتــە دەرەوە یــان لەپەنجەرەکــەوە سەرناکێشــێتە دەرەوە یاخود سەرنجی دا کە دایك تا حیجابەکەی ڕێك و پێك نەکات ناچێتە دەرەوە تا دڵنیا نەبێت لەوەی کە هیچ شوێنێکی بەدەرەوە نییە[٢].

کاتێك زانی دایکی تەنها لەماڵەوە خۆی بۆن خۆش دەکات ڕاستەوخۆ ئارەزوو مەندە بۆلاسایی کردنەوەی دایکی ودەچێتە بەردەم ئاوێنە بۆ ئەوەی ســەرپۆش بکات، کاتێك دایك ئەم دیمەنەی بینی پێویستەئەو هەڵــە بقۆزێتەوە و پێی بڵێ ئەی کچە شــیرینەکەم چەند جوانی بە سەرپۆشــەوە دەموچاوت نوری لێدەبارێــت، بزانە کاتێك گەورە بویت چەندین سەرپۆشی ڕەنگاو ڕەنگت بۆدەکڕم بۆ ئەوەی وەك دایك ببیتە باوەڕدارێکــی گوێڕایەڵی پەروەردگار، هەرکاتێك دایکی بینی ســەیری کەســانی نامەحرەم نــاکات چاو دا دەخات و ســەیری هیچ دیمەنێك ناکات کەخاڵی بێت لەشەرم و حەیاو ئەدەب وەکاتێك بیەوێت بچێتە هەر شــوێنێك تەنانەت ئەگەر لای منداڵەکانیشی بێت ڕوخسەتیان لێ دەخوازێــت ئــەم کارانە لە دواتردا لای منداڵەکانی ســانا دەبن کاتێك دایك لێ پرسینەوەی لەگەڵ کردن لە ئایندەدا.

---

[٢]- فتح الباری بەشەرحی صەحیحی بوخاری کتاب الایمان باب ٣، فتح الباری بەشەرحی صەحیحی بوخاری .کتاب الایمان باب ٧٧

## لەتەمەنی ٣ ساڵ بۆ ٥ ساڵ:

لەم تەمەنەدا منداڵ حەز بە لاســایی کردنەوەی کەسانی گەورەتر لەخۆیی دەکات، بۆیە دروســتکردنی پۆشاکێکی نوێژی بچوکی ڕەنگاو ڕەنگ بەڕەنگێك کە کچە بچوکەکە خۆیی حەزی لێ بکات و هەڵبژێریێت، کاتێــك لەگەڵ دایکی چوو بۆمزگەوت بــۆ نوێژ کردن یاخود بۆئامادە بوونی لە وانەیەکدا، یاخود کاتێك ویســتی لاســایی دایکی بکاتەوە کە نوێژدەکات ئەمە دەبێتە پێشــەکی خۆشەویستنی بۆ پۆشینی باڵاپۆشی لە ئاینــدەدا، بەمەش دەبێتە هاوکار بۆدایکی کاتێك بینی قژی دایکی بێ مەبەست بەدەرەوەیە ئاگاداری دەکاتەوە، یاخود کەسانی نامەحرەم هاتــن بۆماڵیان خێــرا دایکی ئاگادار دەکاتەوە کە خۆی بپۆشــێت یان دایکی ویستی نوێژ بکات پۆشاکی نوێژەکەی بۆدەهێنێت.... هتد.

لەم تەمەنەدا واباشــە هەندێك ئادابی فێربکرێت بو نموونە کاتێك چووە سەرئاو دەرگاکە دابخات و ئاوەکەی بگرێتەوە، یاخود لەبەر چاوی خەڵکدا پۆشــاکەکانی نەگۆڕێت ئەگەر کەســێکی بینــی وای کرد ئەوا بزانە ڕەنگە کەســێکی بەشەرم نەبێت یان کەس ئامۆژگاری نەکردبێت وە فێربکرێت ئەگەر کەسێك لە دەوروبەری ئەودا عەورەتی دەرکەوت با دووربکەوێتەوە یان چاوی دابخات و سەیری نەکات.

هەورەهــا فێــری ئادابی هەڵس وکــەوت بکرێت لەگــەڵ منداڵانی تردا یاخود لەگەڵ کەســانی ناســیاو و دەرودراوســێ و تەنانەت چۆن هەڵســوکەوت لەگەڵ دایك و باوکی و خوشك و براکانی بکات، ئەمەش

دەبێـتە هۆی ئەوەی ڕێزو خۆشەویستی لە نێوانیان دروست بێت.

واباشە لەم تەمەنەدا چەند سورەتێکی کورتی قورئانی پیرۆز لەبەر بکات، هەتــا دڵ و دەرونی ڕابهێنی بۆ گوێڕایەڵی پەروەردگار وەمانای ئایەتەکانــی بۆبکرێت بەجۆرێك کە لەئاســت تەمـــەن و عەقڵی ئەودا بگونجێ، نوسەری ئەم کتێبە ئامۆژگاری دایکان دەکات کەجلی حیجابی ڕەنگاو ڕەنگ دروســت بکەن بۆ بووکەشوشـــەی منداڵەکانیان تا ئەمان لەبەری بکەن بۆیان.

وە وا باشترە کە دایك هاوبەشی بکات لەو گەمەو یارییەدا و سەرپۆش و ڕۆبی  بووکە شووشـــەکە لەبەر بکات و بڵێت ئای بوکەکەشوشـــەکە ئەم پۆشاکی حیجابە چەند جوانە لەبەرتا هیودارم تۆش لەبەهەشتدا لەگەڵمان بیت .لەبەر ئەوەی تۆش گوێڕایەڵی پەروەردگاری و حیجابت خۆش دەوێت بەهەشـــت پڕە لە شـــتی جوان و یاری ئەکرێت لەکاتی یـــاری کردندا لەگەڵ منداڵەکەدا وتەو ئامۆژگارییەکان بە ڕاســـتەوخۆ یان ناڕأستەو خۆ بوترێت.

**لە ٦ ساڵی بۆ ٩ ساڵ:**

لـــەم قۆناغەدا بەردەوامبە لەگەڵی قورئانی پیرۆزی پێ لەبەر بکە وقورئانی بۆڕاڤە بکە هەوڵبدە لەم قۆناغەدا  فێری ئاداب و ڕەوشـــتی بکە و لەسەر شەرم وشکۆ ڕای بێنە و فێری بکە کاتێك ویستی بچێتە لای دایك و باوکی ڕوخســـەت بخوازێت -وەك چۆن لە ســـورەتی نوردا هاتووە- نەك تەنها بۆلای دایك و باوکی بۆلای هەرکەسێ بێت تەنانەت

بۆلای خوشـــك و براكانيشـــى بێـــت، وه دەنگى بـــەرز نەبێت لەكاتى قســـه كردندا به تايبەت لەبەردەم كەسانى نامەحرەمدا نه دەنگى پێ كەنينى بەرز بێت نه لەكاتى تورە بووندا دەنگى بەرز بێت، لەكاتێكدا بەرێگا دەروات بەناوەراســـتى رێگادا نەروات بەڵكو به لاى راســـت يان چەپدا براوات.

فێـــرى بكه كه ســـنورى عەورەتى لەبـــەردەم كەســـانى نامەحرەم چەندە؟ وەلەبەردەم ئافرەتانى باوەردار و غەيره باوەرداردا.

هەندێك له دايكان دەكەونه هەڵەوه كه جلى روت و نيمچه روت بۆ كچەكانيان دەكرن به بيانوى ئەوەى منداڵن كێشەكه لەوەدايه كه ئەمه خۆ شـــوبهاندنه به بێ باوەران له كاتێكدا شەرم و حەيا بەش ناكرێت و نابەســـرێتەوه بـــه جێگايەكەوه، هەروها ئەگەر لـــه منداڵييەوه ئەم جله روتانەى بۆ بكريت ئەوا كه گەوره بوو رادێت لەســـەرى كاتيكيش گەيشـــته تەمەنى ئەوەى حيجاب واجب بێت بيپۆشـــێت باڵاپۆش بێت توشى صەدمه دەبێت بەم داواكارييه ، بۆيه پێويسته ئەم كاره بەقۆناغ بەندى بكرێت يەكەم جارپۆشـــاكى ئاســـايى بۆ بكريت تا باڵاپۆشـــى لا ئاسايى بێتو فێرى بكه كه چۆن رێز لەخۆى بگرێت لەرێگاى فێركردن له رێزگرتن لەخودى خۆى (ئەمەش بەوه دەبێت كه ئێمه بەجۆرەها شـــێوازبەئاكار و گوفتار رێزى خۆمانى بۆنيشـــان بدەين ئەمەش واى لێـــدەكات كـــه ئەوپەرى هەوڵـــى خۆى بدات كه رەوشـــت بەرز بێتو هەميشه جێگەى رێزبێت لاى دايك وباوكى.

## لە ٩ ساڵی بۆ ١١ ساڵی:

لـــەم قۆناغەدا منـــداڵ بیری زیاتـــر دەکرێتەوە ئەزمـــوون گەلێك فێردەبێـــت و دەرككردنـــی بەشـــتەكانی دەوروبـــەری زیاتـــر دەبێتو تواناكانـــی گەشـــە دەكات ئامادە دەبێـــت بۆ گوێڕایەڵی پـــەروەردگار، لـــەم قۆناغەدا زۆرچالاكانە پەرستشـــەكانی ئەنجـــام دەدات كە لەهیچ قۆناغێكی پێشـــووتری و ئایندەیش ئەو چســـت وچالاكییەی نامێنێت، بە بیركردنەوەی لە دروســـتكاری بونەوەر هەســـت بەلایەنەكانی پاكی و بـــێ كەموكورتی و یەكتایی تواناو دەســـەڵاتی پـــەروەردگار دەكاتو دەزانێ كە پەروەردگار خاوەن توانا و كەماڵە بۆیە لەناخەوە هەســـت بـــە ئارامی و ئاســـودەیی دەرونـــی دەكات دەتوانێت وێنـــای گەورەیی پەروەردگار بكات هەركات منداڵ بەشێوەیەكی ڕاستو دروست و ڕەوان بەرەو باوەڕو چاكە خوازی ئاڕاستە كرا ئەمە دەبێتە پاڵنەر بۆ ئەوەی بەتاســـەو تامەزرۆییەوە باپەند بێت بە باوەڕەكەیەوە بۆیە وا باشـــە لـــەم قۆناغـــەدا دایك و باوك ئەم گەشـــە ئیمانییەیـــی منداڵەكەیان بقۆزنەوەو هەوڵ بدەن لەگەڵی كە لە ڕووی بیروباوەڕی بەپەروەردگار زیاتر ئاشـــنایی بكەن تا باوەڕی بەپـــەروەردگار زۆر پتەوبێت ئەمەش دەبێتـــە پاڵپشـــت بۆی كاتێـــك لە ژیانیدا توشـــی ئازاری و ناخۆشـــی بـــوو، وەكەســـایەتیەكی بەهێزو دامەزراوی لێ دروســـت دەبێت كە دەبێتە هاوكارو پشـــتیوان بۆكەســـانی دیكەش دەبێت كار لەســـەر ئەو لایەنانەی بیروباوەڕی بكەیت كە كاردەكاتە سەردەرونی لەو لایانەنەی

بیروباوەڕیش ئەمانەی خوارەوەن:

* فێـــری نـــاوو صیفاتەکانـــی پـــەروەردگاری بکە و پێـــی بڵێ کە پەروەردگار پارێزکارانی خۆشـــدەوێت وەنزیکە لێیانەوە و دەیان بینێ وئاگادرییـــان دەکات هـــەروەك چـــۆن لە قورئانی پیـــرۆزدا هاتووە کە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ﴾البقرة ١٨٦

واتـــە: (ئـــەی محمـــد (ﷺ) ئەگـــەر بەندەکانم پرســـیارت لێبکەن دەربارەم، ئەوە من نزیکم لێیانەوە).

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ﴾ الحدید ٤

واتـــە: (جا لەهەر شـــوێنێك دابـــن ئەوزاتەلەگەڵتانداپـــە و پێتان دەزانێت).

هەروەها لە جێگەیەکی تردا دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يَخْفَىٰ عَلَيْهِ شَيْءٌ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ ﴾ ال عمران ٥ واتە: (بێگومان هیچ شـــتێك لە خوا ون نابێت نە لە زەوی و نە لە ئاسماندا).

بەمەش دەگاتە پلەیەکی بەرز لە شـــەرم و حەیا کە ئەویش شەرم و شکۆیە لە پەروەردگار کە فێردەبێت پەروەردگار هەمیشە دەیبینێ شـــەرمیش ئەوەیە کە (پەروەردگار نەیبینێ لە کارێك کە ئەو حەزی پێنەکات و لای پەسەند نەبێت).

* هـــەوڵ بـــدە گەورەیی پـــەروەردگاری بـــۆ باس بکە شـــارەزایی بکـــە بە گەورەیی و توانـــاو هێزی پەروەردگار لەڕێگای ســـەیرکردنی دروســـتکراوەکانی و بیرکردنـــەوە و تێفکریـــن لە دروســـتکراوەکانی،

گەردون بەڵگەی گەورەیی پەروەردگارنیشان دەدات و بۆتە پێشانگایەك کە هێزو دەسەڵاتی خوای گەورە نمایش کراوە تێیدایە، موعجیزەکانی مرۆڤ سەرسام دەکات بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێمەی مرۆڤ تێنافکرین لەدروست کراوەکانی پەروەردگار ئەوا لامان بۆتە شتێکی ئاسایی و ئەو هەموو هێزو دەسەڵاتەی پەروەردگارهەست پێ ناکەین.

لەقورئانی پیرۆزدا لە زۆر جێگەدا ئاماژەی بەو مەسەلەیە کردووە بۆنمونە: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ﴾ یونس ١٠١ واتە: (پێیان بڵێ: تەماشا بکەن و سەرنج بدەن: خوا چی دروست کردووە لە ئاسمانەکان و زەویدا، کەچی بەڵگە و نیشانەو ئاگاداریەکان سوودیان نیە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن و (ڕێبازی ئیمان ناگرنەبەر).

لە ئایەتێکی تریشدا دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمٗا وَقُعُودٗا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمۡ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ رَبَّنَا مَا خَلَقۡتَ هَٰذَا بَٰطِلٗا سُبۡحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴾ال عمران ١٩١

واتە: (ئەوانەی یادی خوا دەکەن لەکاتێکدا کە بەپێوەن یان دانیشتوون یان ڕاکشاوون (لە هیچ حاڵەتێکدا یادی ئەوزاتە فەراموش ناکەن)، هەمیشە بیردەکەنەوە لە دروست بوونی ئاسمانەکان و زەوی (بیردەکەنەوە لە هەموو وردەکاریەك، سەرنجی هەموو دیاردەیەك دەدەن، سەرئەنجام دەڵێن): پەروەردگارا تۆ ئەم هەموو دروست کراوانەت بێ هودە و بێ ئامانج دروست نەکردووە، پاکیی و بێگەردیی

شایستەی تۆیە، دە تۆش بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ.).

* بانگێشتی بکە بۆباوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی( قیامەت) وە ئەوەی بـۆ ڕوون بکەرەوە تەنها خۆشـــبەختی لەبەهەشـــتدایە، بەهەشـــتیش ئامادەکــراوە بــۆ ئــەو باوەڕدارانەی کە شــوێن ڕێگاو ڕێبــازی خواو پێغەمبەرەکــەی کەوتوون، خوای گەورە لە فەرمودەیەکی قودســی دا دەفەرموێـــت: (عددت لعبادي الصالحين مالا عين رأت ولا أذن ســمعت ولا خطر على قلب بشــر) واتە: شــتانێکم بۆ بەندە باش‌و صالحەکانم ئامادەکردووە کە هیچ چاوێك نەیبینیوەو هیچ گوێیەك نەیبیســتووەو بە دڵی هیچ کەسێکیشدا نەهاتووە).

وە پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ فَلَا تَعۡلَمُ نَفۡسٞ مَّآ أُخۡفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعۡيُنٖ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴾ السجدة ١٧

واتــە: ( جا هیچ کەس لەو بەختەوەرانە نازانێت چی بۆهەڵگیراوە وشاراوەتەوە لە نازو نیعمەتی جۆراوجۆر لای پەروەردگاری، کە چاوان پێی گەش دەبنەوە و بەدیتنی شــاد دەبن، لە پاداشــتی کارو کردەوەی چاك و پاکیاندا کە ئەنجامیان دەدا.).

* پەروەردەی بکە لەســەر گوێڕایەڵی بۆخوا و پێغەمبەر صلى الله عيله وســلم زۆرکات منداڵ لەبارەی زۆرشتەوە پرسیار دەکات تۆش بە ئەنــدازەی توانای عەقڵی وەڵامی پرســیارەکانی بدەرەوە، بەڵام ئەگەر پرسیاری دەربارەی ئاینەکەی کردئەوا بزانەکە موسڵمان بوون بە مانای تەسلیم بوون دێت بە فەرمانەکانی پەروەردگار نابێت دین بەعەقڵ و

ڕای خۆی بپویێت، چونکە عەقڵیش تا ئەندازەیەکەو بە کۆتایی دەگات زۆرجار عەقڵ ناییێکێ ودەستەوسان دەبێت بۆلێکدانەوەی زۆرێك لە کاروبارەکانی ئاین، موسڵمانی ڕاستەقینە ئەوەی فەرمانی خوا جێبەجێ بکات مادەم پەروەردگار کردویەتی بەفەرمان ئیتر نەپرسێت لەهۆکارە شاراوەکانی.

* پێی بڵێ کە کچ وەك کوڕ وایە هەردوکیان بەندە خودان دروست کـراون بۆ ئەوەی پەرستشـی پـەروەردگار بکەن خوای پـەروەردگار دەفەرمویـێـت: ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾ النحل ٩٧

واتە: (ئەوەی کارو کردەوەی چاکەی کردبێت، پیاو بێت یان ئافرەت لە کاتێکدا بڕوادار بێت، سوێند بە خوا بەژیانێکی کامەران و ئاسوودە لە دنیادا دەیژێنین، لە قیامەتیشـدا پاداشـتیان بەجوانتر دەدەینەوە لەوەی کە ئەوان دەیانکرد).

بەهەمان شـێوەی ئەو ئایەتەی ٣٥ سـورەتی الاحـزاب بۆبخوێنەوە و بـۆی ڕوون بکەرەوەکـە ڕەگـەزی مێینەش لە قورئانـدا بە ووتەی پـەروەردگار بـە (یاایها النـاس) و( یاایهاالذین امنـو) هاتووە و جیا نەکراوەتـەوە لەگەڵ ڕەگەزی نێر، بۆنموونە لـە قورئاندا لەم ئایەتی ١٣٣ی سورەتی ال عمران هاتووە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَسَارِعُوٓا۟ إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ ﴾

واتـە: (بەپەلـە بن و پێشـبڕکێ بکـەن تا دەگەنە لێخۆشـبوونی

پەروەردگارتان و بەهەشتێك كە پانایيەكەی ئاسمان و زەوی گرتۆتەوەو ئامادە كراوە بۆ پارێزكاران).

* ئـــەو چيرۆكانەی بۆبگێڕەوە كە هانی دەدات لەســـەر گوێڕايەڵی كردنی بۆ پەروەردگار بۆ نموونە چيرۆكی خاتوو هاجەرەی هاوسەری ئيبراهيـــم عليه ســـلام كە چـــۆن لەو بيابانە وشـــكو برينەدا بەجێی هێشـــتن خۆیو كۆرپەيەكی بچوكی كەزانيـــان فەرمانی پەروەردگارە گوێڕايەڵيان كرد.

ياخود چيرۆكی ژنانی موهاجير كە لەبارەيانەوە خاتوو عائيشـــەی دايكـــی بـــاوەڕداران خوای گەورە لێـــی ڕازی بێت فەرمويەتـــی: يَرْحَمُ اللَّهُ نِسَـــاءَ الْمُهَاجِرَاتِ الأُوَلَ لَمَّا أَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ شَـــقَقْنَ مُرُوطَهُنَّ فَاخْتَمَرْنَ بِهِ ﴿ وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ ﴾ النور ٣١

كاتێـــك خوای گـــەورە فەرمانی كرد بە (با سەرپۆشـــەكانيان بدەن بەسەر ســـينەو مليان‌دا) ئەوان لەو ســـاتەدا لە جلەكانی بەری خۆيان پارچەيان لێكردەوە بۆ داپۆشينی سەريان.

* تۆويی شانازی كردن بە ئيسلامەوە لە دەرونيدا بچێنە، زۆرێك لە نەوەی موســـڵمانان تەمەنيان هەڵدەكشـــێت و گـــەورە دەبن نازانن مەبەستيان وئامانجيان لە ژيانـدا چييە، بۆيە لە منداڵييەوە فێری بكە كە ئيســـلام نيعمەتێكی گەورەيە خوای گەورە پێی بەخشـــيون و لەناو گەلێكی موســـڵماندا لەدايك بوون، پەيوەستن بە خوای گەورەو لەسەر بەرنامـــەی ئەو دەڕۆن وەخـــاوەن پەيامێكن كە هيچ كەســـێك نيەتی

موســڵمانان نەبێت ئەویش قورئانی پیرۆزو ســونەتەکانی پێغەمبەرە (ﷺ)، لەبەرئەوە دەبێت ئەم جیاواز بێت لە کەســانی دیکە لە شــێوە و ڕوخســارو ئامانــج و هیواکانی دا، دایکانی بــاوەڕداران و ئافرەتانی چاکەخوازو خواپەرســتانی پێشــوو وەکــو مەریەمی کچــی عمران و ئاســیای ژنی فیرعەون ژنە باوەڕدارەکانی هاوەڵان بکاتە سەرمەشــقی خۆی وە ئەوە بزانە کە ئەم دینە ئامانەتە وە پێویســتە ئێمە ئاڵاکەی هەڵبگرینو پابەند بین پێوەیو دەبێت ئامانجمان لەزانست و فێربوون تەنها ڕەزامەندی پەروەردگار بێتو خەڵکی تر فێر بکات.

یاخود خوشــکە ئیماندارەکانی فێربکات، یاخود ئامۆژگارییان بکات بــە قورئان و فەرمایشــتەکانی پەیامبەر، لەم قۆناغەدا واباشــترە کە دایکــی هانی بدات کە هەفتەی جارێك ســورەتی نور بخوێنێ، چونکە لەو سورەتە پیرۆزەدا ئامۆژگاری بیرخستنەوەی بۆخوشکان تێدایە .

یەکێك لە هەڵەکانی دایکان ئەوەیە کە تەنها خەون بەوەو ســاتەوە دەبینی کە کچەکەی بە جلی ســپی بوکێنییەوە ببینێ، خەو بە ســاتی ئاهەنگی کچەکەیەوە دەبینێ زۆرجار کچەکەی داوای شتێك دەکات ئەو پێی دەڵێت کاتێك شوت کرد بۆت دەکەم.

ئەم باس و خواســە دەبێتە کاری ڕۆژانەیــان بەجۆرێك کچەکە وا ی لێ دێت کە هەمیشــە خەریکی خۆجوان کردن بێت بۆ بەدیهێنانی خەونی دایکی.

بۆچارەســەرکردنی ئەو گرفتە باشــترین چارەسەر ئەو فەرمودەیە

کــە پێغەمبەر (صلى الله عليه وآله وسلم) دەفەرموێت: (طلب العلم فريضة على كل مســلم ومســلمة) واتە فێربوونی زانســت پێویستەلەسەر هەموو موسڵمانێکی نێرو مێ).

فێربوونی زانســتی شەرعی یاخود زانســتی دنیایی پێویستی یەکی هەنووکەی هەموومانە تا موسڵمانێکی بەهێزمان لێ دەربچێت باشترین کاتیــش بــۆ فێربــوون و وەرگرتنی زانســت کاتی منداڵییــە، چونکە فێربوون لە منداڵیدا وەك نەخشی سەربەرد وایە لەپاڵ ئەمەشدا برەو دان بەگەشــەی فێرکردنی زیاتر لەبــواری دیکە وەك فێربوونی زمان، فێربوونــی کۆمپیتەر، ووتاردان و نوســنی ئەدەبی، وەرزش بەمەرجی نەبەزاندنی ســنوری شەرع، پزیشکی، کشتوکاڵ، وێنەکێشان لەسنوری شــەرعدا، نەخــش و نیــگار، کاری هونــەری ڕســتن و چنین یاخود دروستکردنی بەرماڵ، دروست کردنی خواردن و ئامادە کردنی کەرەستە خوراکییەکان، پەروەردەکردنی پەلەوەرو ئاژەڵ.... هتد .هەرکارێکی تر کە خۆی ئارەزووی بکات.

برەو بەتوانا کانی بدات وە بەکارێکەوە خۆی خەریك بکات کە سودی دین و دنیایی تێدا بێت، هەتا هاوسەری ژیانی دێتە پێشەوەو خوازبێنی دەکات، یاخــود هەرداواکاری نایەت ئەم کارە بەویســتی پەروەردگارە، پێویست ناکات کچانی پاك داوێن زۆر سەرقاڵ بن بەو کارەوە بەڵگەش ئەم وتەی پەروەردگارە: ﴿ وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ ﴾ النور ٣٣ واتە: (دەبا ئەوانەی هاوســەریان دەست ناکەوێت

هــەوڵ بدەن داوێنــی خۆیان پاك ڕابگرن، هەتا خــوا لە فەزڵی خۆی دەوڵەمەندو بێ نیازیان دەكات).

پێویســتە کچان ئەوە بزانن کە بەهای ڕاستەقینەی لە بیرو ڕەوشت و حەیای دایە ئەم ئاکارانەش لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا گەشە دەکات لە کاتێکدا جوانی هەستی مرۆڤ بە تێپەڕبونی کات نامێنێ‌و کۆتایی دێت.

ئــەوەی زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا(کە هاوکاتە لەگەڵ تەمەنی واجب بوونی باڵاپۆشــی لەسەری ) باسی خوشــکانی بەڕەوشت و داوێن پاکی پێشینی بۆ بکرێت نمونەی

* خاتــو عائیشــەی دایکی بــاوەڕداران ڕەزای خوای لەســەر بێت دەفەرموێــت دوای وەفاتــی پێغەمبەر (ﷺ) ئەبوبەکــر ڕەزای خوای لەسەربێت کاتێك جل و بەرگم دەگۆڕی لە ژوورەکەم ئەم ووت کێشە نییە هاوســەرەکەم و باوکمن بەڵام کــە عومەری کوڕی خەتاب ڕەزای خوای لەســەر بێت نێژرا لەپاڵ ئەوان لەشــەرمی عومەر من زۆر بە خۆپارێزییەوە خۆم دەگۆڕی.

* خاتــوو فاتمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) کفن پۆشــینی ئافرەتانی زۆر لاپەســەند نەبوو ئەترســا لەوەی وێنەی لەش و لاری دەربکەوێت بەمردوویی بۆیە بەخاتو ئەســمای کچی ئەبوبەکری ووت: ئەی ئەسما مــن ئەو کفنەی بۆ ئافرەت دەکرێت بەباشــی نازانــم چونکە وێنەی لەش‌و لاردەردەخات خاتو ئەســماش ووتی: ئەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) من شتێکت نیشان بدەم کە لە حەبەشە بینیومە؟ دوو دار دا ئەنێن و

پاشـــان پارچە قوماشەکە ئەدەن بەسەریدا خاتوو فاتمە وتی: کارێکی زۆربـــاش و جوانە ئافرەتی پێدەناســـرێتەوە ئەگەر مـــردم تۆو عەلی بمشـــۆن و باکەس نەیەتە ژوورەوە، کاتێك وەفاتی کرد خاتوو ئەسماو عەلی شۆردیان[٣].

* ئافرەتێکی بەهەشـــتی عەتـــای ئیبن ئەبی ریـــاح گێڕاویەتیەوە کـــە ئافرەتێـــك هاتووە بۆلای ئیبن عەباس ووتویەتـــی ئایا ئافرەتێکی بەهەشـــتیت نیشـــان بدەم؟ وتویەتی بەڵێ: ئەویش ووتی ئەو ئافرەتە ڕەشە ئەبینی هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ). پێی ووت کە فێم لەگەڵدایە دوعام بۆ بکە خوای گەورە شـــیفام بـــدات. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگـــەر بتـــەوێ دوعـــات بۆدەکـــەم بەلاَم ئەگـــەر ئارام بگری لەســـەر نەخۆشییەکەت ئەوا پاداشتت بەهەشتەئافرەتەکە ووتی من کە فێم لێ دێت گیانم دەر ئەکەوێت دوعام بۆبکە گیانم دەرنەخەم ئارام دەگرم.

ئەو دوخوشکەی کە پێغەمبەر موسا (علیه السلام) ئاوی ئاژەڵەکانی بـــۆدان، قورئان لەبارەیانەوە دەفەرمویـــت: ﴿ فَجَآءَتۡهُ إِحۡدَىٰهُمَا تَمۡشِي عَلَى ٱسۡتِحۡيَآءٖ قَالَتۡ إِنَّ أَبِي يَدۡعُوكَ لِيَجۡزِيَكَ أَجۡرَ مَا سَقَيۡتَ لَنَاۚ ﴾ قورئـــان ئاماژەی بە ڕۆشتنی بەشەرم وشکۆو قسە کردنی بەشەرمەوە کردووە .

هەرچەندە قســـە کردنەکەیان زۆر پێویســـت بـــووە چونکە باوکی ناردویەتی بەدویاندا پاشـــان موسایان پێش خۆیان خست نەك خۆیان لە پێشییەوە بڕۆن.

---

٣- بوخاری گێڕاویەتییەوە.

* مەریەمـــی کچی عمران قورئانی پیـــرۆز لەبارەیەوە دەفەرموێت (احصنت فرجها) کاتێك جوبرەئیل لەشـــێوەی پیاوێك خوێی پیشاندا خاتوو مەریەم فەرمووی: ﴿ قَالَتۡ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيّٗا ﴾ واتە: (مەریەم وتی: بەڕاســـتی من پەنا دەگرم بە خوای میهرەبان لە تۆ ئەگەر کەسێکی بە تەقواو لەخواترس بیت).

لەگـــەڵ ئەوەی پێشـــتر باســـمان کـــرد وای لێکردین بڵێیـــن بەچاوی ســـۆزو خۆشەویســـتی یەوە بۆخەون و هیواکانی بڕوانیـــن بە ڕۆژێك کە خێزانەکەمان ودۆســـتان و خزمان ئاهەنگی بۆ باڵاپۆشی یەکەی دەگێڕن دەڵێـــن ئەمە ئاهەنگی فلانەکەســـی باڵاپۆشـــە وە ئەگـــەر لەهەمان کاتدا هاوڕێ یەکی یاخود کەســـێکی نزیکی بۆهەمان مەبەســـت ئاهەنگی گێڕا ئەوە ئاهەنگەکە دەبێت بە دوو یان زیاتر و خۆشیەکەش گەورەتر دەبێت.

## قۆناغی تەمەنی ١٠ ساڵی تا ١٦ ساڵی:

لەم قۆناغەدا کچەکەت گەیشـــتۆتە تەمەنی ئەوەی باڵاپۆشی لەسەر واجـــب بێت، ئەگەر پێت وت ببێتـــە باڵاپۆش ئەوا دەبێت بە نەرم و نیانی پێـــی بڵێت کە کاتی گێڕانی ئاهەنگ بە پۆشـــینی حیجابەکەت کاتـــی هاتووە ئەگـــەر وەڵامی دایتەوەو ڕازی بوو ئەوا زۆرباشـــە بەڵام ئەگەر ڕازی نەبوو بە پۆشـــینی بەرگی شـــەرعی ئەوا دەبێت گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانی دکتۆرە نفین ئەلسوبفی بگرین.

بۆ چارەســـەرکردنی ناڕازی بوونەکەی دکتۆرە نفین دەڵێـت: ئەوەی کە دەیڵێم ڕەنگە نائومێدی بێت بەڵام ئەوە ڕاســـتیەکە دەبێت قبوڵی

بکەیـــن هەتا بتوانین مامەڵـــەی لەگەڵدا بکەین ئـــەوەی کە کچەکەت سەرپێچی دەکاتو بە نارەحەتی دەتوانی قەناعەتی پێ بکەیت کارێکی زۆر ئاساییە بەتایبەت لە قۆناغی پێگەیشتندا.

هەوڵ دەدات بوونی خۆی بسەلمێنێت بە سەرپێچی و مل نەدان و یاخی بوون، ســـەرپێچی دەکات تەنها بۆ ســـەرپێچی گەورەکردنی ڕێزو ئابـــڕوی کوێرانەی کە پاڵ بەهەرزەکارەوە دەنێت هەرچەند دەزانێت ئەوەشـــی دەیکات ناشـــیرینە کەچی هـــەر بەردەوام دەبێت لەســـەری لەکاتی وازهێنانی لە کارێك هەســـتی کرد گومانێك لەســـەری دروست دەبێـــت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو بڕیارەی لەناخی دڵیەوە نەداوە بەڵکولەژێرکاریگەری کەسێکی نزیکی خۆیی یان دوردا بووە.

خوشـــکی ئازیزم: ئێستا دەچممە سەر ئەو پێشنیارانەی کە چارەی کێشەکانی دەکات داوات لێ دەکەم کە لێی تێبگەیت و بە گوێم بکەیت تا کۆتایی بابەتەکە

ڕێگەم بدە با شتێکی زۆرگرنگت بۆڕوون بکەمەوە ئەویش ئەوەیەکە شێوازی خورتی و ناچارکردن لە ئاڕاستەکردنی کچ و چاکردنی ڕەفتاریدا سەرناکێشـــێ بۆهیچ ئەنجامێ مەگەر بۆڕەتکردنـــەوەو دوورکەوتنەوە هەروەك دەڵێن :هەمووکارێك کاردانەوەی هەیە لە هێزدا یەکسانیەتی و لە ئاڕاستەکردندا پێچەوانەیەتی.

ئێســـتا ئەو بەرنامەیـــە دەخمە ڕوو کە ماوەکـــەی ٣ مانگ کەمتر یاخود زیاترە بەگوێرەی هاوکاری و پشتیوانی پەروەردگار.

## قۆناغی یەکەم: ٣ هەفتە تا یەك مانگ ماوەکەیەتی:

لەم ماوەدا بەهچ شـێوەیەك باسـی باڵاپۆشـی و ئەو مەسـەلەیە مەکە تەنانەت بە ئاماژەیەکیش مەچۆ بەلای ئەو باسەدا زانینی شتێك کە سەرنج ڕاکێشانی پێوەبێت بە نەگونجاوی جاری واهەیە دەگاتە نکۆڵی کردن.

بـەڵام ئـەم کارە کتو مـت وەك ئەو داوو دەرمانەیە کە پزیشـك دەینوسـێت بۆمان لەگەڵ ئـەوەی ئێمە زانیاریمان لەسـەر پێکهاتەو کاریگەری دەرمانەکە نییە کەچی وەری دەگرین چونکە لە پێشـەوای مرۆڤایەتییـەوە فێـر بوویـن کە بـۆ هەردەردێك دەرمانێـك هەیە، دەرمانیـش بـۆ یاخی بوونی هەرزەکاران کە زۆرێك لە لاوان تووشـی ئەو دەردە دەبن وەك چۆن زۆربەی منداڵان توشـی نەخۆشی دەبن لە وەرزی زستاندا.

لـە بیرت بێت کە تۆ دەتەوێت چارەی گرفتێك بکەیت ئەگەر لەم قۆناغـەدا بـۆت چارە نەکرا ئـەوا تەنها پـەروەردگا دەزانێ کە کەی کۆتایـی دێت جگـە لە ئارامگرتن هیچ بەدیلێکی تـر نییە وە دەبێت پشت بە پەروەردگار ببەستێت.

جارێکـی دیکـە بیـرت دەخەمەوە کـە چارەسـەرەکە ئەوەیە کە بۆماوەیەك کەلانی کەم نابێت کەمتر بێت لە سێ هەفتە بوەستی لە چونە ناو مەسەلەی باڵاپۆشی.

ئەویش بۆ ئەوەیەکە کچەکە ئەو بابەتە لەبیربکات وە مەسـەلەی پەیوەنـدی نێوانتان لەگەڵ ئـەو بابەتە جیا بکاتـەوە، کچەکەت لەم

قۆناغەدا هەســـت بە ئارامی دەروونی دەکات وەك ئەوەی کە هیچ ڕوی نەدابێـــت لە نێوانتاندا بـــەم جۆرە متمانە دەگەڕێتـــەوە نێوانتان، تۆ ئەوت لەبەر خودی خۆی خۆشت دەوێت ئەو گرژییەی نێوانتان تەنها لەسەر ئەو بەدکردارییە بوو نەك لەبەر کەسایەتی ئەو.

ئـــەو گرژییەی کـــە لە پەیوەندییەکەتاندا دروســـت بـــووە بەهۆی جیاوازییەکانتـــان وای کردووە پەرژینێکـــی دڕکاوی بەدەورتا ببینێت، هەرکات ئەو ویستی لێت نزیك بێتەوە یاخود تۆ لەو نزیك بیتەوە بۆ ئەوەی ئامۆژگاری بکەیت ئەو هەست بە بریندارى هەستی خۆی دەکات کاتێك تۆ قسەی بۆ بکەیت بۆیە ئەوەی لەم قۆناغەدا پێویستە بیکەت لابردنی ئەو پەرژینە دڕکاوییەیە کە لە نێوانتاندا دروست بووە.

قۆناغی دووەم: قۆناغی بێدەنگبوونە بۆ ماوەی ٣ هەفتە تا مانگێك:

لەم قۆناغەدا بەهیچ جۆرێك قسەی ئاڕاستە ناکەیت تەنها هەڵدەستی بە کۆمەڵە کردارێکی مەبەست دار بۆنموونە ماوە ناماوەیەك بانگێشتی بکە بۆ چونە دەرەوە لەگەڵت بە مەبەســـتی ئامادە بوون لە وانەیەکی ئاینی پێشـــی بڵێ کـــە ئەو تەنها حەزی کردووە تـــۆی لەگەڵدا بیت و بەتەنیـــا نەبێت نەك مەبەســـتی لـــە هێنانی لەگەڵ خۆیـــدا بۆ وانە ئاینیەکە بو بێت پێی بڵێ ئازیزەکەم من کەمێك ماندوو شەکەتم حەز دەکـــەم بچم بۆ ئەو وانە ئاینییە وەرە لەگەڵم ئەگەر نەهات زۆری لێ مەکـــە هەوڵ بدە بۆجارێکی دیکە پێی بڵێـــت ئەگەرهات لەگەڵت لێی بپرسە وانە کە چۆن بوو لێی بگەڕێ با ڕای خۆی بڵێ لەسەری جوان

گۆیی بۆ بگرە وازی لێ بێنە هەتا ئەو پرسـیار دەکات دەربارەی ئاین و کاروباری دینەکەی هاوشـان لەگەڵ ئـەم کارانەدا تۆ بۆ هەر کارێك کە دەتەوێت بیکەیت ڕای وەربگرە و پرسی پێکە ئامانجیش لەم کارە تەنهـا بۆنزیك بونەوەی زیاتـری و تێکەڵی یە لەگەڵیـدا، بەو پەڕی نواندنی ڕێزو خۆشەویسـتی بۆی پێی بڵێ ئازیزەکەم وەرە گوێ بگرە لـەو قورئانـەی لەبەرم کردووە یاخود ئازیزەکەم ڕات چییە لەسـەر ئەو باڵاپۆشـە نوێیەم؟ ڕات چییە لەسەر سەرپۆشەکەم ؟ "..... هەموو ئەمانە کاتێك لەبەردەم ئاوێنە یەکدا وەستاویت خۆت ئامادە دەکەیت بۆچونە دەرەوەیەك بۆنمونە ....بێ مەبەست ئەو گوێڕایەڵیانەی خۆت ئەنجامی دەدەیت بەویشی دەگەێنیت.

وازی لێبهێنە با باسـی خۆی بکات وەڕای خۆی بڵێ زۆر بە ئازادی لەسەر ئەو وانانەی کە تۆ بۆیی باس دەکەیت.

دەمەوێت سەرنج بۆ کارێکی گرنگ ڕابکێشم:

نابێـت پەلە بکەیت لە چونە قۆناغێکی نوێ بەرلەوەی لە قۆناغی پێشودا بەتەواوی سـەرکەوتوو بوبیت، ئامانج لەم کارە تەنها لابردنی ئەو ناکۆکیەیی نێوانتانە وە دووبارە دروست کردنەوەی ئەو پەیوەندییە پچڕاوەیـە لـە نێوانتاندایە ئەگـەر لەماوەی ئەو سـێ هەفتەدا تەنها بە یەکجار فەرمانێکت دا بەسـەریدا ئەوا بوەسـتەوە و سـەر لەنوێ چارەسەرەکە لە سەرەتاوە دەست پێ بکەرەوە.

* بەهیچ جۆرێك باسـی بابەتی باڵاپۆشی لەلا مەکە بەتایبەت لەم

کاتەدا ئەم کارە دەبێت خۆی قەناعەتی تەواوی لا دروست بێت ئەگەر لەوە ڕابورد سەرکەوتو بویت کە پشت بەخودا سەرکەوتوو دەبیت ، ئەوە بزانە تۆ دەتوانی پەروەردەیەکی باشی بکەیت بەجۆرێك ڕۆژێك دێت کە خۆی داوا دەکات کە ببێتە باڵاپۆش.

* لەسەر پۆشاکی بەری توانجی لێ مەدە ئیلا لە بەر تەسکی و کورتی نەبێت هەندێك جار چاوپۆشی بکە لە هەندێك شتی بۆنموونە ڕەنگی پۆشاکەکەیت بەدڵ نییە.

* لە کارێکدا ڕێگری بکە کە دەچێتە خانەی سنور بەزاندنەوە کارەکە ناپەسەند و هەڵەیە بۆنمونە : ویستی لەگەڵ هاوڕێ یەکی کە زۆرجێگەی متمانە نییە بچێتە دەرەوە یاخود هەرکارێك سنورە قەدەغەکراوەکانی پەروەردگار ببەزێنێ بەرهەڵستی بکەو پێی بڵێ :کە ئێستا گەیشتوتیتە تەمەنێك پێویستە باڵاپۆش بیت کە نەتکردوەو چاوپۆشیمان لێتکردوە تەنها بۆ ئەوەیە کەخۆت لەناخەوە قەناعەتت لا دروست بێت و ڕۆژیك بە ویستی خۆت ببیتە باڵاپۆش، ئەمەش مانای ئەوە نییە سنور ببەزێنیو هەرشتێ ویستت لەسەر بێت بەبێ مۆڵەت بیکەیت.

* داوای کۆمەك لە پەروەردگار بکەو خەم مەخۆ، هەمیشە بپارێرەوە و نەکەی هەرگیز نزای شەڕی لێ بکەیت ئەوە بزانە ئەم کارە پێویستی بەکات هەیە منداڵ لەو تەمەنەدا شت گەلێك لە بیر دەکەن و بەخێرای دەگۆڕێن بەتایبەت ڕەچاوی بارودۆخی ئەو قۆناغەی تەمەنی بکەیت و زۆر بەجوانی و بەسنگی فراوانەوەو بە

ڕێزو خۆشەویستی یەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەیت لێرەدا کۆتایی بەقسەو ئامۆژگاریی مامۆستا نفین هات خوای گەورە پاداشتی بداتەوە، خاوەنی ئەم ئامۆژگارییانە ئەم چەند ووشەی تری ووتوە کە دایك هەقیەتی کاتێك کچەکەی بەدەم ئامۆژگارییەکانیەوە نەهات ونەبووە بالأپۆش بێتاقەت بێت خەفەت بخوات چونکە دایك لەغەشم و تورەی پەروەردگار دەترسێت بەڵام ئەمە نەکاتە بیانویەك بۆ هەڵچوون و پیاهەڵشاخانی کچەکەی هەست بریندارکردنی بە توانج لێ دان.

**قۆناغی حەڤدە ساڵ وە بەرەو سەرتر:**

ئەی دایکە باوەڕدارە ئارامگرەکە: خوای گەورە بەرەکەت بخاتە هەوڵو تێکۆشانەکانت ڕاگیرت بکات لەسەری و باشترین پاداشتت بداتەوە، خوای گەورە چاوت ڕوناك بکاتەوە بە بینیی گوێڕایەڵی کچەکەت، بەڵام ئەگەر تا ئەم تەمەنە نەبوو بە بالأپۆش ئەوە نا ئومێد مەبە لە میهرەبانی پەروەردگار ئەوە بزانە ساتی گەڕانەوە بۆلای پەروەردگار تەنها خوای گەورە خۆی دەیزانێ ڕەنگە کاتی گەڕانەوەو پەشیمانی زۆر نزیك بێت وە بە پێچەوانەشەوە گرنگ ئەوەیە تۆ لەهەوڵەکانت واز نەهێنی.

لەم کاتەدا پێویستە بەهێمنانە گفتو گۆی ئامانجداری لەگەڵ بکەیتو لێی بگەڕێ بە ئازادی ئەو پرسیاری خۆیی بکات.

کچەکەم حەز دەکەیت بەهۆی تاڵەکانی قژی تۆوە کە بۆ نامەحرەم دەری دەخەیت گوناهت بۆ بنوسرێت؟

ئـــەوە بزانـــە هەرکات لەماڵ چویتـــە دەرەوە بەژمارەی ئەوکەســانەی دەتبینن گوناهت بۆ دەنوسرێت ئایا چاکەکانت هێندەی گوناهەکانت دەبن؟

ئایـــا ڕۆژی قیامـــەت دەدۆڕینی بە هۆی ئەم چەنـــد ڕۆژە کورت و کەمەی دنیاوە؟

هەرکەســێك بەرژەوەندی ژیانی دونیا بدات بەسەر ژیانی دواڕۆژدا بەجۆرێك بەهۆی خۆشـــی دونیـــا وە ڕۆژی قیامـــەت لەبیربکات ئەوا هەردوکیان دەدۆڕێنێ هەرکەسیش دونیا بکاتە کێڵگەی باش بۆقیامەتی لە هەردوکی براوەدەبێت، ئایا توڕە بوونی پەروەردگار ئاساییە لای تۆ لەسەر نەپۆشینی پۆشاکی باڵاپۆشی؟

ئەی دەزانی پەروەردگار خۆشحاڵە بەوەی کە بەندەیەکی گوێڕایەڵی دەکات ؟ شـــەیتانیش خۆشـــحاڵ دەبێـــت و دەگەشـــێتەوە بـــەوەی کە نەوەیەکی ئادەم سەرپێچی پەروەردگارەکەی دەکات؟

ئەی بەوە ڕازی دەبێت کە ئافرەتانی سەردەمی جاهیلی لەتۆ زیاتر داپۆشراو تربوون تەنها کەمێك لە پرچیان بەدەرەوە بوو؟ ئایا ئێستاش سووری لەسەر ئەوەی کە بە فەرمانەکانی سەرپێچی بکەیت بەوەی بێ بەرگێکی شەرعی ئەچیتە ناو خەڵکی ؟ عمروخالد

واگومـــان نابەم تۆ بە ئەنقەســـت وا بکەیت خۆدانەپۆشـــینت جگە لەوە هیچ مانایەکی دیکە هەڵناگرێ.

ئایە ناتەوێت لەبەهەشـــتدا تۆ لە حۆرییەکانی بەهەشت جوانتر و بەڕێزتر بیت؟

ئافرەتانــی باوەڕدار لەبەهەشــتدا زۆر لــە حۆرییەکانی جوانتر و پێگەیان بەرزتر دەبێت، لەبەر ئەوەی حۆرییەکان تەنها بۆپەرســتش دروســت بوون بەڵام ئافرەتانی باوەڕدار جیهاد دەکەن لەدونیا و ئارام دەگرن و خۆدەپارێزن لە ســەرپێچی پەروەردگار ئارام دەگرن لەســەر گوێڕایەڵی کردنی پەروەردگار.

ئایــا دەتوانــی خــۆت ڕزگار بکەیت لەمردن و بۆ هەمیشــە زیندو بیت؟ خۆت ڕزگار بکەیت لە لێپرسینەوەی پەروەردگار؟ مردن قەدەری هەموو گەردونە بە مردنت هەموو خۆشــی و جوانییەکان و پۆشــاکە گرانبەهاکان و بۆنە خۆشەکانت وئەو شتانەی لە دونیا هەوڵت بۆ دەدان ولات خۆشەویست بوون بەجێی دەهێڵی یان بۆخۆشی بەهەشت یاخود بۆنــاو ئاگری و عەزابی جەهەنەم، ئایا گومان دەبەیت کە فریشــتەی گیان کێشــان کاتت دەداتێ تا تەوبە بکەیت و پۆشاکی باڵاپۆشی لەبەر بکەیت ئینجا گیانت بکێشــێ؟ بەڕاســتی ئەو فریشتە مۆڵەت بەکەس نــادات وپرس بەکەس ناکات تا مۆڵەتی گیان کێشــانی لێ وەربگرێت، تەنها پرسی بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کردوە بۆ گیان کێشانی، بۆیە پێویســتە پەلە بکەیت لە تەوبە کردن چونکە دوایی پەشــیمانی دادت نادات  ئەوەشی دواڕۆژی بردەوە دەبێتە خاوەن بەختێکی باش لە قیامەتدا پێغەمبەر دروودی خوای لەســەر بێت دەفەرموێت: "الْكَيِّسُ مَنْ دَانَ نَفْسَــهُ وَعَمِلَ لِمَا بَعْدَ الْمَوْتِ ، وَالْعَاجِزُ مَنْ أَتْبَعَ نَفْسَــهُ هَوَاهَا وَتَمَنَّى عَلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ"

ئايا ڕازى دەبيت لەتاقمى ئەوانە بيت كە دواى هەواو ئارەزووى خۆيان كەوتون خواى گەورە دەفەرمويّت: ﴿ وَإِنَّ ٱلْفُجَّارَ لَفِى جَحِيمٍ ﴾الأنفطار ١٤

واتــه: (بێگومان تاوانبارو تاوانكارەكانيش لەناو دۆزەخدا ژيانى پڕ لە ئێش و ئازار دەبەنەسەر).

ئەوە بزانە شــەرم دژى بێ ڕەوشتى يە نەبونى ترس لەپەروەردگار بەئاشكرا سەرپێچى كردنى پەروەردگارئەوەش ئەوەيە كە سورى لەسەر نەپۆشينى حيجاب!

بێگۆمان ئەويش بەرهەڵستى قسەكانى تۆ دەكات و پرسيارگەلێك كە مێشكى سەرقاڵ كردووە دەربارەى بالآپۆشى دەيكات لەوانە هەنديێكيان ئاماژە پێ دەكەين لەگەلاّ  وەلاّمى هەموو ئەوانە:

* من هيچ مەبەســتێكم نييە لە پۆشــينى ئەم جل و بەرگەى كە ئێــوە بە ڕووتى ناودەبەن تەنها وەك مۆديل دەيپۆشــم ئەمە زۆرجار ڕودەدات ... بەلاّم ئێستا ئەو كاتەيە كە پێويستە ئاگادار بيت، چونكە تۆ پۆشــاكێك دەگۆڕى بە پۆشاكێك كە پەروەردگارو پێشەواى مرۆڤايەتى ڕازى نيــن پێى، پەنا بەخوا  مەبە بەوانەى كە ﴿ قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ ٱلَّذِى هُوَ أَدْنَىٰ بِٱلَّذِى هُوَ خَيْرٌ ﴾البقرة ٦١

واتــه: (چۆن ئێوە شــتى كەمبايەخ و ناتــەواو وەردەگرن لەجياتى شتى لەو چاكترو باشتر؟).

* بالآپۆشى زۆربەى جوانييەكانم دا دەپۆشێت

بەڵێ بەشێك لە جوانى يەكەت دەشارێتەوە بەلاّم لەهەموو كاتێكدا

نا: زۆرێك لە باڵاپۆشان بە جل و بەرگی باڵاپۆشیی یەوە جوانتر دەبن، بەتایبەت کاتێك دڵ ئاوەدان دەبێت بە ئیمان ڕوخســار دەدروەشێتەوە بە نوری ئیمان، ئەوەش بزانە بەهەشــت کاڵای پەروەردگارە کاڵایەکی گرانبەهایە بەهەشــت پارێزراوە بە ڕەوشت وە دۆزەخ دەورە دراوە بە هەوەس و ئارەزوو بازی وانەزانی ڕێگای گەیشتن بە پەروەردگار تەخت و ئاســانە، بەڵام ئازا ئەو کەســەیە هەموو بەربەستەکان ببڕێت هەتا دەگات بەخــودا زمانــی حاڵیش دە ڵێت : ﴿ وَعَجِلْتُ إِلَيْكَ رَبِّ لِتَرْضَىٰ ﴾ سورة طه.

واتە: (بۆیە بەپەلە هاتم تا تۆ ئەی پەروەردگارم لێم ڕازی بیت).

تۆلــە چاکان بــە وەك پــەروەردگار ئەفەرموێــت: ﴿ إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ ﴿٢٢﴾ عَلَى الْأَرَائِكِ يَنظُرُونَ ﴿٢٣﴾ تَعْرِفُ فِي وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ النَّعِيمِ ﴿٢٤﴾ يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ ﴿٢٥﴾ خِتَامُهُ مِسْكٌ ۚ وَفِي ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ الْمُتَنَافِسُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾ المطففين

### * سەرپۆش ئەبێتە هۆی قژهەڵوەرینم:

ئەوە بزانە ئەم قسە زۆر دوورە لە ڕاستییەوە، بەڵگەش ووتەی دکتۆر محمد ندایە کە باس لەکاریگەری حیجاب دەکات لە ســەر تەندروستی و سەلامەتی قژ، باڵاپۆشی پارێزگاری لە قژدەکات لێکۆڵینەوە پزیشکی یەکان و ئەزمونەکان دەریان خستوە کە تیشکی خۆرو هەوا کاریگەری دەگەنە ســەر قژ نەرمی و جوانی ڕەنگــی ناهێڵن دەبێتە هۆی ئەوەی کە قژ زبرو ڕەنگی تێك بچێت هەروەها دەرکەوت وە هەوا (ئۆکسجین)

هیـــچ ڕۆڵێكـــی نییە لە بەهێـــز كردنی قژدا بەڵكو جگە لەو بەشـــەی قژ كە بەدەرەوە یە بەشـــێكی لەناو ســـەردایە ئەوەبەشەیەكە چالاكەو ڕۆڵـــی هەیـــە لە درێژ بوونـــی قژ كە ڕۆژانە نیو ســـانتیم زیاد دەكات ئەوبەشـــەی ناو ســـەری مرۆڤ لە ڕێگەی مولولـــەی خۆێنەوە خۆراك و وزە وەردەگرێـــت دەتوانین بڵێن كە تەندروســـتی قژ پەیوەســـتە بە تەندروست باشی سەرجەم لەشەوە .هەرنەخۆشییەك یان كەمی خۆراك كار بكاتە سەر تەندروستی لەشی مرۆڤ ئەوا كاریگەری دەبێت لەسەر لاوازی لە قژدا.

لەكاتی پۆشـــینی بەرگی باڵاپۆشی وا باشـــە لە هەفتەیەكدا دوجار یاخود ســـێ جار قژ بە صابون یان شامپۆ بشۆرێت ئەمەش دەكەوێتە ســـەر ئەو قژانە ی كە زۆر چەورن ئەگەر قژەكە زۆر چەور بوو ئەوا ســـێ جار بشـــۆرێت ئەگەر واش نەبوو لە هەفتەیەكدا دوجار بشۆرێت لەم چەند جار شـــۆردنە واباشـــە زیاتر قژ نەشۆرێت چونكە دوای سێ ڕۆژ چـــەوری ژێر تاڵەموەكان شـــیدەبنەوە بەمەش قـــژ كەم دەكات و دەبێـــتە هۆی هەڵوەرینی قژ.

*** باڵاپۆشی ڕێگری چالاكی و جموجۆڵم دەكات:**

بێگومان ئافرەتی موســـڵمان لە یاســـادانانی ئیسلامیدا گرنگییەكی زۆری پێدراوە بە جۆرێك كە دەستەبەری ئەوە دەكات داوێنپاكییەكەی بپارێزێـــت بەســـەربەرزی بیهێڵێتـــەوە، ئەو مەرجانەش كـــە دانراون لەســـەری بۆ پۆشینی جل وبەرگ و دەرنەخستنی جوانییەكانی  تەنها

بۆ ڕێگری یە لە خراپە کاری کە بەهۆی خۆڕوتکردنەوە دەرخســتنی جوانییەکانی ئافرەتان ڕەواج پێدەدات.

ئەمەش ڕێگری نییە لە سەربەستی ئافرەت، بەڵکو بۆپاراستنیەتی تا نەبێتە جێگەی نمایشــی چاوچنۆکان پۆشاکی باڵاپۆشیش تەنها لەیەك جــۆر پۆشــاکدا نیە بەڵکو مەرجی ئەو پۆشــاکە ئەوەیە کە عەورەتی داپۆشێت و تەسك و تەنك و کورت نەبێت بۆیە پۆشینی هەر پۆشاکێك بەو مەرجانەوە ئاســاییە پۆشــاکی باڵاپۆشــی هیچ بەربەست نییە لە جموجۆڵ و چالاکی، بەڵکو وە بیرت دەهێنمەوە کە لە ڕابردوودا دایکانی بــاوەڕداران و ژنانــی هاوەڵان لەگەڵ پێغەمبەر صلی الله علیه وســلم گەشتیان کردووە و بەشداری جیهادیان کردووە و تیماری بریندارانیان کــردووەو مومارەســەی هەموو چالاکییەکییان کــردووە بە بێ ئەوەی باڵاپۆشــی یەکەیان بەربەست بووبێت بۆیان، بۆیە گرفتەکە پۆشاکەکە نییە، بەڵکو کۆت و بەندی ڕاستە قینە ئەوەیە کە لەم ئایاتەدا هاتووە و دەفەرموێت: ﴿ إِذِ ٱلۡأَغۡلَٰلُ فِيٓ أَعۡنَٰقِهِمۡ وَٱلسَّلَٰسِلُ يُسۡحَبُونَ ﴾

واتە: (کاتێك کۆت و زنجیرەکان دەکرێنە گەردنیان و ڕادەکێشرێن...).

* دەترسم بە پۆشینی باڵاپۆش جوانییەکەم لەدەست بدەم

ئەم بۆچونە هەڵەیە بەناو زۆربەی کچاندا بڵاو بۆتەوە، بەڵام ئێستا کۆگا بازرگانییەکان پڕ بووە لە جۆرەها پۆشاکی باڵاپۆشی بە جۆرەها مۆدێلاتی تازەوەو ڕەنگاو ڕەنگەوە تەنانەت پۆشــاکەکان هێندە شیك و جوان ســەرنج ڕاکێشن کە سەرنجی کچانی ناباڵاپۆش ڕادەکێشێت ئایە

**ئێستا بیانوت ماوە؟**

**وا گومان نەبەیت کە ئیسـلام پێت بڵێ پۆشـاکی شـڕو ناشـیرین لەبـەر بکە بۆیە بگەڕێرەوە بۆ ژیاننامـەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسـلم کە ئەو هەمیشـە جوان و خاوێن بووە و ئامۆژگاری خەڵکیشی کردووە کە شـیك پۆش و خاوێن بن سـەرەڕای بونی گرفت و کێشـە و سـەرقاڵییەکان بە ئومەتەکەیەوە خۆی هەمیشـە خاوێن بووە بۆنی خۆشی بەکارهێناوە و ڕۆنی بۆ قژو ڕیشی بەکارهێناوە.**

**موسـڵمان دەبێت پێشـەنگ بێت بۆ کەسـانی دیکـەش لە جوانی ڕوخسارو شیك پۆشی و ڕەوشت بەرزیدا .گوێبگرە بۆکەسێك کەلەوپەڕی ناوبانگـەوە چـی دەڵێت :فابیان بەناوبانگترین نمایشـکاری پێشـوی فەرەنسـا کە خوایی گەورەهیدایەتی دا هاتە باوەشـی ئیسـلام دەڵێت :ئەگەر فەزڵ و سـۆزی پەروەردگار نەئەبـوو ئەوا من ژیانم لە کیس دەچوو وە دا ئەبەزیم بۆئاسـتی ئـاژەڵان کە هەر خەریکی تێرکردنی هەوەسبازی و ئارەزوەکانم دەبووم بێ بەهاو بێ بیروباوەڕ دەبووم.**

**خاتوو فابیان ئەم قسەی لە کاتێکدا کرد کە ئەو پێشتر جوانترین پۆشـاکی پۆشـی بوو کە خەونـی هەرکچێکە بیکاتە بـەری وەهەموو جۆرەکانـی مۆدیلاتی تاقیکردبووەوە بەڵام بـۆی دەرکەوت کە ئەوانە هەمووی سـەرابن کۆتایی هەموو مرۆڤەکان گەڕانەوەیە بۆ بەردەست پەروەردگار و لێپرسینەوەی لێی خوای پەروەردگار لەسەر ئێمەو تۆش ئاسانی بکات.**

* ئەترسم قەڵەو بم و کێشم زیاد بکات، یاخود بەهۆی باڵاپۆشییەوە جوانی لەش و لارم بشارێتەوە

بەڵی چ زیانێك دەکەیت گەر ئەوەش ڕوبدات؟ دنیا ســێبەرەو زوو کۆتایــی دێــت ئەگەر جوانی لــەش و لارت لەم دنیا بــۆ نامەحرەکان دەرنەخەیــت ئەوا پەروەردگار بۆت دەگۆڕی لەبەهەشــتدا بەو پەڕی جوانییەوە ئەگەر واشــت نەکرد ئەوە لــەش و لارە جوانەکەت دەبێتە ســوتەمەنی ئاگری دۆزەخ جار بۆجار بۆت تازە دەکرێتەوە و پاشــان دەسوتێنرێتەوە.... بەم شێوەیە: ئێستا ڕات چییە؟

*** جاریێ مندالّم:**

وانازانم تۆش لەسەر ئەو نەریتە کۆنە بیت کە بڕوایان وایە کچان تا لاون چی دەپۆشــن با بیپۆشــن چونکە ئەوان گەنجن با لە خۆشــی گەنجایەتی بێ بەش نەبن، بەڵام خۆداپۆشــین بۆ ژنانێك کە چونەتە تەمەنەوە باشــە، چونکە حیجاب تەنهــا بەتەمەنەکان لەبەری دەکەن وە حــەج کــردن تەنها بۆ پیرەکان باشــە چونکە ئــەوان تێربوون لە خۆشــی دنیا و تەنها حســابی قیامەتیان ماوە مەرگیــان نزیکە، ئەوا بەڕاســت دەزانی کــە گەنجاکان باشــترە جوانییەکان بشــارنەوە یان پیــرەکان؟ ئەگەر بچیت لاپــەڕەی تۆماری مردووەکان ســەیر بکەیت دەبینــی کە پڕەلــە گەنج ئەو گەنجانــەی کە لەپڕ ژیانیــان کۆتایی هــات وایاندەزانی کە فریشــتەی گیانکێشــان تەنها بــۆلای پیرەکان دەچێت !!!یاخود وایاندەزانی پەروەردگار مۆڵەتیان دەداتێ بەر لەگیان

کێشانیان تابگەڕێنەوەو تەوبە بکەن.

بۆیــە لەزەتــو خۆشــی کەمی ئــەم دنیــا مەگۆڕەوە بۆ خۆشــییە نەبڕاوەکانی بەهەشت خۆشی یەکانی ئەم دونیا وات لیَ نەکات ئازاری سەختی دۆزەخ بنۆشی.

بەڕاســتی هــەر ڕۆژێکی دونیا کە لێــت دەڕوات زیاتــر لە دواڕۆژ نزیکت دەکاتەوە و لەدونیاش دورت دەخاتەوە چیت ئامادە کردووە بۆ دوای مردنت؟

ســەربکەوە کچەکەم ســواری شــەمەندەفەری تەوبە ببە بەرلەوەی وێستگەکەی تۆ بەجێبهێڵێت.

بیربکەرەوە -ئەی ئازیزەکەم- لەم قسانە.... ئەمرۆ بەر لە هاتنی سەینیَ.

بیــری لیَ بکــەرەوە -ئەی نوری دیدەم- ئێســتا... بەرلەوەی کاتت نەمێنیَ!!!

### * پۆشاکی باڵاپۆشی نرخەکانیان گرانە:

جل و پۆشاکی باڵاپۆشی گرانن و لەلایەنی ماددەیەوە زۆر دەکەوێت لەســەرم بەڵام پۆشــاکی تر وانییــە و نرخەکانیان هەرزانە پۆشــاکی باڵاپۆشی و عابای حیجاب گرانن و جگەلەمەش لەچکی دەوێت .

بەڵی ئەم بیانوانە ڕاســتن بەڵام ئەو پەروەردگارەی کە ئەو هەموو نیعمەتەی بیَ بەرامبەر پیَ بەخشیویت ئایا ئەو پەروەردگارە ئەوەندە ناهێنیَ کە قوربانی بدەی بەدۆلابی پۆشــاکەکەت؟ دەســت بکەیت بە پۆشــاك کڕین و ئارام بگریت یەك دانە پۆشــاك یاخود دوودانە بکرە

پاشان ســـەیربکە بزانە دۆڵابی پۆشاکەکانت پڕنەبووە پاداشتەکەشت ڕازی بوونی پەروەردگارتە ئەوەی کە لەبەرگوێڕایەڵی خودا دەیبەخشیت تەنها ئەو لە ڕێگای پەروەردگاردایە بێ گومان بە کە ئەو پاداشتت لە دونیاو دوارِۆژدا دەداتەوە ئەوەشـــی هەتە لە پۆشاك و سەرجەم ماڵ و دارایـــت هەمووی ڕۆزی پەروەردگارە ئایا لە ڕۆزی ئەو خەرج دەکەیت بۆ سەرپێچی پەروەردگار!!!

پاشـــان ئەزانی ئەی کچەکـــەم کە ئافرەتی موســـڵمان بۆی نییە لە ماڵ بچێتە دەرەوە بەهیچ شـــێوەیەك هەتا پۆشـــاکەکەت مەرجەکانی پۆشـــاکێکی شەرعی تێدا نەبێت . ئەمەش پێویستە هەموو ئافرەتێکی موســـڵمان ئەمە بزانێت پێویســـتە هەمومان لە کاروباری ئاینەکەمان شارە زابین بە تایبەت ئەوشتانەی کە لە غەزەب و تورەی پەروەردگار لە دوای مردن ڕزگارمان دەکات .

ئەی پەروەردگار نافەرموێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۚ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾ النحل ٤٣

واتـــە: (ئێمەش پێـــش تۆ جگە لە پیاوانی (ڕاســـتگۆو چاك و پاك نەبێت) کەســـی ترمان ڕەوانـــە نەکردووە و وەحیمان بـــۆ نەناردووە، ئەگەر هەر برِوا ناکەن و نایزانن دە ئێوە لە شـــارەزایان بپرســـن؟ (کە ڕەوانە کراوانی ئێمە پیاوانێکی ناسراو بوون لەناو قەومەکانیاندا).

بۆیە پێویســـتە مەرجەکانی باڵاپۆشـــی فێربیت یـــان دەرمەچۆ لە ماڵ یان کە دەرچوویت با بەپۆشاکی شەرعیەوە دەربچیت پەروەردگار

ڕازی بکەی نەك شــەیتان، لەبەر ئەوەی خراپەی دەرچوون بێ بەرگی باڵاپۆشی گەورەترە لە بەرژەوەندی دەرچون لەماڵ بۆپێویستی.

ئەگــەر بەڕاســتی نیەتت هێنا ئەی کچەکــەم، وەعەزمت بۆ جەزم کرد ئەوا هەزار دەســتی خێر درێژ دەبن بۆلات و پەروەردگاریش کار ئاسانیت بۆدەکات ! ئەی پەروەردگار نەیفەرمووە: ﴿ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ قَدۡ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَيۡءٖ قَدۡرٗا ﴾ الطلاق ٣

واتە: (لە شــوێنێکەوە ڕزق و ڕۆزی پێ دەبەخشــێت کە حسابی بۆ نەکردبێت و خۆی پێی نازانێت، جا ئەوەی پشت بە خوا ببەستێت، ئەو زاتەی بەســە، بۆ ئەوەی یاریدەدەری بێت، چونکە بەڕاســتی خوا کارو فەرمانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت، بێگومان خوا بۆ هەموو شــتێك نەخشەیەکی دیاریکراوی بڕیارداوە (کە دەبێت پەیڕەوی بکرێت).

بەڵگــەش  ئەو هەموو ئافرەتە باڵا پۆشــەیە دەتوانی پرســیار لە یەکێك یان بکەیت بزانیت چۆن دۆلابی پۆشاکەکانی وردە وردە پڕبوون لە پۆشاکی باڵاپۆشی، بەڵکو وەڵامەکەی ئاسودەت بکات.

*** من ئارام لەســەر وەرزی هاوین ناگرم، جا ئەگەر ببمە پالاپۆش چۆن بەرگە بگرم؟**

ئەگەر لەوڵاتەكەی تۆ هەمیشــە گەرمە یاخــود تەنها وەرزی هاوینی گەرمە بیری ئەوكاتە بكەرەوە كە وڵاتانی مەكەو جەزیرەی عەرەبی چەند گەرم بووە بەرلەوەی ئامێری ســارد كەرەوە پەیدا بێت، یاخود ئافرەتانی موسڵمانانی پێشوو خۆ هەموویان باڵا پۆش بوون ئایا خۆدانەپۆشین ڕێگری لە گەرما دەكات؟ نەخێر! بەڵكو ئەمە تەنها ملكەچییە بۆ فەرمانی خوای گەورە جا بارودۆخەكە هەرچۆنێ بێت دەربڕینی باوەڕو خۆشەویستی یە بــۆ پەروەردگاربەڵكو تۆ هیــچ كات گوێت لە ئافرەتێكی باڵاپۆش نەبووە كاتێــك كە گەڕاوەتەوە بۆماڵەوە و پۆشــاكی حیجابەكەی لابردووە ئەنجا هەســتی بە گەرما كردووە!! ئەی كچە ئازیزەكە بەخودا ئەمە لە ڕۆژانی زۆرگەرمــدا ڕوویداوە لەبەر ئــەوەی هەركەس خۆیــی بۆخودا یەكلایی بكاتــەوە پەروەردگار ڕێگاكانــی بۆدەكاتەوە. هەركەس لە خۆشەویســتی پەروەردگار ئەو پۆشــاكە شــەرعییە لەبەر بكات ئەوە هیچ كات بیرلەوە ناكاتەوە كە توشــی دەبێت بەهۆی لەبەر كردنی ئەو پۆشاكەوە، ئەمە بۆ ئەوكەســانەی كە لەبەر خۆشەویســتی پەروەردگارو تەنها پەروەردگاریان مەبەســتە ئەوەش بزانە گەرمای هیچ وڵاتێك نــاگات بە گەرمای ئاگری دۆزەخ" ﴿ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا لَّوْ كَانُوا يَفْقَهُونَ ﴾ التوبة

واتــە: (ئاگــری دۆزەخ بەتینتر و بەهێزتــرە لەگەرمیدا ئەگەر تێ بگەن و بیرو هۆشیان بخەنەكار).

* دەبمە باڵاپۆش کاتێك کەسێکی گونجاو هاتە خواز بێنیم.

کێیە ئەو کەســـە گونجاوە بە بۆچونی تۆ؟ (بێغیرەتێك) لەشەرعدا بەکەســـێك ئەوترێ کە ڕێگری لە ژن ومنداڵەکانی نەکات کە کەســـانی نامەحرەم جوانییەکانیـــان ببینێ؟ دەچێـتە دۆزەخەوە بەهۆی ئەوەی ڕازییە کەکەسانی نامەحرەم لەش و لاری هاوسەرەکانی ببینێ!

هەرکەس ڕازی بوو تۆ ئافرەتێکی ســـافیرە بیت و ئەو خوازبێنیت بـــکات ئـــەوا زۆربەیان واتـــا ڕازین بەوەی کە تۆ بویتە هاوسەریشـــی هەر دانەپۆشـــراوبیت بۆیـــە ئەگەر دوای هاوســـەرگیری لەگەڵ ئەودا گـــەر ویســـت ببیت بە باڵاپۆش ئـــەو ڕازی نەبێـــت و دژایەتیت بکات چونکە ئەو تۆی وا دەوێت کەیەکەمجار تۆیی بینیەوە ئایا ڕازی بونی هاوسەرەکەت دەدەی بەسەر ڕەزامەندی پەروەردگاردا؟

ئایا بەهەشـــت هەڕاج دەکەیت بۆ هاوســـەرێك ناهێڵێت گوێڕایەڵی پەروەردگار بکەیت؟

بـــەڵام ئەگەر گەنجێك تۆی هەڵبـــژارد کاتێك تۆ باڵاپۆش بوویت و بـــەو مانایە دێت کە ئـــەو ڕازیە تۆ باڵاپۆش بیت تۆی خۆش دەوێتو ئەگەر ناکۆکیش کەوتە نێوانتان ئەوکات ستەمت لێ ناکات.

بیر بکەرەوە تۆ بناغەی ژیانی هاوبەشـــیت دانا لەســـەر بنچینەی سەرپێچی پەروەردگار، بە بڕوای تۆ ئەو هاوسەرگیرییە سەرکەوتوو دەبێت ؟؟ هاوسەرگیریش نیعمەتی خوایی گەورەیە دەیبەخشـــێت بەهەرکەس ویستی هەبێت چەند کچی باڵاپۆش شوی کردئەی چەند کچی سافیرە مایەوەو شوی نەکرد؟!!!

ئەگەروتی :بۆیە نابمە باڵاپۆش چونکە هۆیەکی پاکی لەپشـــتەوەیە کە هاوسەرگیرییە بەڕاستی من ئەوە بەتۆ دەڵێم بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەســـتی پاك وجوان دەبێت تەنها هۆکاری پاك و تەندروســـتیش بگریتــــە بەر بۆی لەئیســـلامدا پیرۆزی و چاکی ئامانج پێویســـتی بە ئـــەو هۆکارو ڕێکارەش هەیە کە پاكو دروســـت بێت یاســـایەك هەیە لە ئیســـلامدا دەڵێـت بۆ هۆکارو وەسائیلەکان پێویستیان بە ئەحکامی مەبەستدار هەیە.

**دوای شەوی بۆکێنی دەبمە باڵاپۆش چونکە ئەوکاتە خۆم سەربەستم چی لەبەربکەم:**

بۆچی خۆت لەتاوان و گوناهەکانت پاك ناکەیتەوە هەرلە سەرەتایی ژیانی هاوســـەریتەوە نابیتە کەسێکی خواپەرست و دەروون و ویژدانی خۆت ئاسودە ناکەیت واگومان دەبێت دواخستنی گوێڕایەڵی پەروەردگار لـــە پێنـــاو کارێکی دنیاییدا ســـەرکەوتوو دەبیت لـــە وکارەدا ؟ ئەگەر گرەنتـــی دەکەیت کە تەمەنت درێژ بێت هەتا هاوســـەرگیری دەکەیت ئەوا چاوەڕی بکە و ئەوکاتە تەوبە بکەو ببە باڵاپۆش.

ئەگـــەر ئەوانەی بانگێشـــت کـــراون بۆئاهەنگەکـــەت ئافرەتانێکی بـــاوەڕدارن وکەســـانی نزیکتن کە مەحرەمن پێـــت وەك باوك و برا و مام و خاڵ جگە لە مانە پیاوی بێگانەی تێدانەبوو ئەوە ئاســـاییە کە خۆت جوان بکەیتو خۆت بڕازێنیتەوە بەس بەمەرجی ڕەچاو کردنی دەرنەخستنی عەورەت لەبەرچاو ئەوانەدا.

*** پیاوەکەم یاخود دەستگیرانەکەم نایەوێت پۆشاکی باڵاپۆشی لەبەر بکەم**

بەڵی بەداخەوە ئەمە ڕوو دەدات بەڵام ئایا هاوسەرەکەت گرەنتی بەهەشتت بۆدەکات؟ ئەگەر وەڵامەکەی بەڵێ بوو ئەوا ئاساییە بەقسەی بکەیت بەڵام ئەگەر هاوسەرەکەت بەرەو دۆزەخ بردیتی ئەوا نە ئەو ئەوەی بۆتۆ دەوێت نەتۆش ئەوەت بۆخۆت دەوێت ئەو فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) لەبیربێت کە دەفەرموێت: (لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق). واتە: گوێڕایەڵی بۆ دروست کراوی خودا ناکرێت بۆ سەرپێچیکردنی دروست کەرەکەی.

هاوسەرەکەت بەندەیەکی لاوازی بێ دەسەڵاتە ناتوانێت هیچ سودێك بەخۆی بگەینێ وەهیچ زیانێك لە خۆی دوربخاتەوە یان ژیانو مەرگی بەدەست نییە هەموو کارێك بەدەست پادشایە لە سەر ڕێگای ئەو بڕۆ بەقسەی بکە ئەوا ئەو بەقسەت دەکات دڵی بەندەکان - بە دڵی هاوسەرەکەشتەوە – بەدەست پەروەردگارە ...ئەگەر هاوسەرەکەت لە سەرهەڵوێستی خۆی سوربوو ئەوا پاشە ڕۆژت لە دنیا و لە قیامەت مەبەستەوە پێوەیی ئەگەر ئەو سەرپێچی پەروەردگار بکات هیچ خێری تێدا نییە خوایی گەورە بەتوانایە خۆی دەتوانێت بە لەوە باشتر بۆت قەرەبوو بکاتەوە بۆت ئەگەرلەم دنیایەش نەبوو ئەوا لە دواڕۆژی نەبڕاوە بۆت قەرەبوو دەکاتەوە ان شاالله.

*** بەهۆی باڵاپۆشـــییەوە هاوسەرەکەم لەکیس دەچێت، چونکە ئەو لەمن جوانتر دەبینێت.**

دەبێــت ئــەوە بزانیت کــە لەبەرکردنی حیجاب تەنهــا لەبەرچاو کەســانی نامەحرەمە بەڵام لەناو ماڵی خۆت واجبە لەسەرت کە خۆت بۆ هاوســەرەکەت بڕازێنیتەوە چۆن خــۆت بتەوێت، ئەوەش بزانە بۆ پارێــزگاری لە خۆشەویســتی نێــوان تۆو هاوســەرەکەت تەنها جوانی ڕوخســاری ناوێت جوانی هەســتو جوانی هۆشیاریو عەقڵو باشی لە کردارو هەڵســوکەوتدا دەچێتە خانەی جوانییەکانت و هاوســەرەکەت زیاتر بەلای تۆدا ڕادەکێشیت.

شــێخ متوەلــی شــەعراوی ڕەحمەتی خــوای لێ بێت قســەیەکی زۆرجوانی هەیە لەو بارەوە دەڵێت: ئەگەر هەموو ئافرەتان باڵاپۆشــی شــەرعی یان بەدروســتی دەپۆشــی بەوشــێوەی خوای گەورە ڕازی یە لەســەریو جوانییەکانی تەنها بۆهاوسەرەکەی دەرخست ئەوا ئەوکاتە هەموو پیاوەکان تەنها موعجیبی هاوسەرەکانی خۆیان دەبوون ئەمەش دەبێتە پارێزگاری بۆ هاوســەران، ئەگەر پیاو چــاوی بەجوانییەکانی ئافرەتانی تر نەکەوت ئەوکاتە هاوسەرەکەی خۆی لەهەموو ژنانی دنیا لا جوانتر دەبێت.

*** من هەست بەشەرمەزاری دەکەم ئەگەر بە پۆشاکی باڵاپۆشییەوە دەربکەوم لەناوخەڵکیدا.**

سەرم ســوڕدەمێنێ کچەکەم چۆن هەست بەشــەرمەزاری دەکەیت

کاتێك پۆشـــاکی حەیا و شـــەرم و شـــکۆ لەبەر دەکەیت؟ کاتێك خوای گـــەورە بە وە ڕازییە ئەی کاتێك بەجلی تەســـك و کورتە وە دەچیتە نـــاو خەڵکی هەســـت بەشـــەرمەزاری ناکەیت کاتێك ئەوە ســـەرپێچی پەروەردگارە؟

ئەگەر بزانی ئەوەی خەڵك پێی خۆشە خوای گەورە پێی ڕازی نییە ئـــەوەش خوا پێی خۆشـــە خەڵك پێی ناخۆشـــە دەتەوێت ڕەزامەندی کامیان بەدەست بهێنی؟ ڕزای بوونی خەڵك یان ڕەزامەندی پەروەردگار؟

* بەهۆی باڵاپۆشییەوە کارەکەم لەدەست دەدەم.

بەڵی ئەمە زۆرجار ڕوو دەدات بەڵام لە کیس چونی کارەکات باشە یان بەدەســـت هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار ئەوە باشە کە بەهەشتی پەروەردگار لە دەست بدەیت بەهەموو نازو نیعمەت و خۆشییەکانییەوە کە کۆتایی نایەت؟ ئەوەشت لەبیرنەچێت کە لە کیس چوونی کارەکەت بەمانای نەمانی ڕزق و ڕۆزیت نایەت نەوەکانی ئادەم نامرن هەتا ئەو بەشـــە ڕزق و ڕۆزییەی پەروەردگار بۆی داناون نەیخۆن ڕزق و ڕۆزیی خۆی بەدواتا دێت هەتا ئەگات بەدەســـتت، خـــوای پەروەردگار ڕزق و ڕۆزی بۆموسڵمانان و بێ باوەڕان داناوە ئایە ئەو تۆ لەبیردەکات کەتۆ گوێڕایەڵی دەکەیت.

ئـــەوەش بزانە کە ئەم حاڵە کـــەم ڕوو دەدات بزانە خاتوو "نیرین سالم" کاپتنی فڕۆکە بوو یەکێك لەو ١٠ ئافرەتەی کە لەبواری فێربوونی لێخوڕینی فڕۆکە لە میســـر کاری دەکرد بەهۆی باڵاپۆشـــی یەکەوە لە

ســەر کارلابرا بەلاَم ئەوەندەی پێنەچــوو ئەوانەی کاری بۆدەکردن لە ڕێگای دادگاوە ســکالاَی لەســەر تۆمار کردوو داواکەی بردەوە چونکە هیچ بڕیەگەیەکی یاســایی نەبوو کە ڕێگری لەئافرەتی بالاَپۆش بکات بەتایبەت ئەگەر لەکارەکەیدا کێشەی نەبوو.

* دەترسم دوا ی ئەوەی بوومە بالاَپۆش وازی لێبهێنم.

بەڕاســتی ئەمە کێشــە یە، بەلاَم خۆت تەســلیمی ئەم بیرکردنەوە مەکە ئەگەر لە سرووشــتی خۆتدا کەســێکی دوودڵ و ڕاڕایتو دەزانی جــاریَ دڵت پڕە لەئارەزوو و خۆشــی دونیا ئــەوە هەوڵ بدە هەنگاو بەهەنگاو لە لەبەرکردنی بالاَپۆشی بچیتە پێشەوە هەمیشە قسە لەگەڵ نەفس و دەروونی خۆت بکەو وەبیری بهێنەوە پێی بڵێ کە گوێڕایەڵی پەروەردگار بکات بەرلەوەی کاتی تەواو بێت لە دونیا.

ئــەوە بزانە دنیا بەهەموو خۆشــی و ڕازاوەیەکانییەوە وهەرچەند زۆربێــت لای پەروەردگار بەهای یەك باڵی مێشــولەیەکی نییە هەوڵ بــدە هاوڕێیەتی کەســانی چاکەکار بکەیــت وە ئامادەبە لەو وانانەی کەزانستی شەرعی تێدا دەوترێتەوە گوێ زۆر لە قورئان بگرە زۆر دوعا بکــە کەخوای گەورە دامەزراوت بــکاتو هاوکاریت بکات لەبەردەوامی لەسەر گوێڕایەڵی خۆی وەبزانە پۆشینی حیجاب تەوبە کردنە و خوای پەروەردگاریــش تەوبەکارانی خۆش دەوێت لەلایەکی ترەوە ئەوەی واز لەتەوبەکەی بهێنێ پەنا بەخوا وەك ئەوە وایە گاڵتەی بەخودای گەورە کردبێت هەوڵ بدە لە گاڵتەجاڕان مەبە.

هەمیشــە دوعا بکــە و بڵێ (اللهم يامقلب القلــوب ثبت قلبي على دينك) واتە:

بپاڕێــوە و دوعا بکــەو بڵێ ئەی پەروەردگار چــۆن هیدایەتت دام ببمە باڵاپۆش دامەزراومکە تا ئەو ســاتەی کە ژیانم کۆتایی دێت. یان ﴿ رَبَّنَا لَا تُزِغۡ قُلُوبَنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَيۡتَنَا وَهَبۡ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةًۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡوَهَّابُ ﴾

واتــە: (پەروەردگارا.. دوای ئــەوەی کە هیدایەت و ڕێنموویيت کردين، دڵەکانمان لامەدە لە ڕێگەی ڕاست و لە ڕەحمەت و بەخششی تايبەتی خۆت بەهرەوەرمان بکە، چونکە بەڕاستی تۆ بەخشندە و بەخشێنەری).

* مــن زۆر پابەندم بە ئاینەوە ودڵم پاکە جل و بەرگ پەیوەندی چیە بەسەردڵەوە؟

دەبێــت ئــەوە بزانیت کە کــەس ناتوانێــت کاروباری ئــەم دينە ڕاپەڕێنێت وئەنجامی بدات جگەلە کەســێك کەئاگاداری هەموولایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەم دينە بێت

دەبێت هەموو فەرمانەکانی پەروەردگار و پێغەمبەر (ﷺ) گوێڕایەڵی بکەیت ئەوەشــی ئەوان قەدەغەيان کردوە تۆ دوربکەويتەوە لێی مەبە بەوانــەی کەپەروەردگار دەربارەيان دەفەرموێت: ﴿أَفَتُؤۡمِنُونَ بِبَعۡضِ ٱلۡكِتَٰبِ وَتَكۡفُرُونَ بِبَعۡضٖۚ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفۡعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمۡ إِلَّا خِزۡيٞ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلۡعَذَابِۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ﴾ البقرة ٨٥.

واتە: (چۆن دەبێت باوەڕتان بە بەشێکی کتێبە ئاسمانيەکان هەبێت

و بەشـــێکی تری باوەڕتان نەبێت؟ ئایا پاداشـــتی ئەوەتان کە ئەوکارە دەکات جگە لەسەر شۆڕیی و سووکی نەبێت لە ژیانی دنیادا هیچی تر هەیە؟ لە ڕۆژی قیامەتیشدا دەگەڕێنرێنەوە بۆ ناو سەختترین سزا).

پاشـان ئــەم ئایاتەی بۆبخوێنــەرەوە ﴿ٱلْحَقِّ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَٰعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ ذَٰلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ﴾

واتە: (ئەگەر داوای شــتێکی پێویســتان (لە خێزانەکانی پێغەمبەر کرد) لە پشــتی پەردەوە داوای لێبکەن، ئا ئەو جۆرە ڕەفتارە چاکتر و پاکترە بۆ دلی ئیوە و ئەوانیش).

ئەم ئایاتانە بۆســەردەمی خاتوو عائیشــە وفاتمەو خەدیجە خوای گــەورە لێیــان ڕازی بێــت دابەزییــەوە - ئایا دڵی تۆ لــە دڵی ئەوان پاکترە؟!!!

بیرت بێت تۆ (بەوەی باڵاپۆش نیت لەگەڵ کردنی کردەوەی چاکە) وەك کەســێك وایت گۆزەیەکی کونو شکاوی هەڵگرتبێت لە چاکەکاری بــەڵام کونــی تێ بووە بەهۆی ناباڵاپۆشــی ، بۆیــە چاکەکانت بەزایە مەدە بەهۆی ئەوانەی کە دەتبینن بێ باڵاپۆشــی لە جێگاکاندا کردەوە باشــە کانت بە زایە مەدە بەهۆی ئەوەی بێ بەرگی شەرعی باڵاپۆشی دەچیتە دەرەوە چەند کەس لەدەرەوە دەتبینێ بیژمێرە پاشان کردەوە چاکەکانت بژمێرە بزانە هاوتا دەبن ؟!!!

تێبینــی ئەوە بکە کە فەرمان کردن بەســەر ئافرەتدا بۆپۆشــینی باڵاپۆشــی (بەو مانایە دێت کە ئەصلی سروشتی مرۆڤ خۆداپۆشینە)

یەكەم بەڵایەك كە لە بەهەشـــتدا كەبەهۆی شـــەیتانەوە بەسەر  ئادەم وهاوسەرەكەیدا هات پۆشاكیان لەبەردا نەما خۆیان بەگەڵای دارەكانی بەهەشـــت داپۆشـــیی، بۆیـــە یەكێك لـــە ماناكانی (الحیاء)  شـــەرم بە مانای ژیان (الحیاة) دێت، خوای پەروەردگار پۆشـــاكی  كردۆتە مایەی خۆداپۆشـــین و جوانی هەروەك چۆن پەیامی بۆدابەزاندوە بۆ ڕێنمایی و پارێزكاری كردن خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ ذَٰلِكَ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ ﴾ واتە: (ئەی نەوەی ئادەم، ئێمە بەڕاســـتی پۆشاكی لەبارمان بۆ فەراهەم هێناون، عەورەت و ئەوەی پێتان ناخۆشە دەربكەوێت دای ئەپۆشێت، هەروەها جل و بەرگی جوانیش كە خۆتانی پێ بڕازێننەوە (بەڵام بیرتان نەچێت) كە پۆشـــاكی تەقواو خواناســـی چاكتر و خێردارتر و بەفەڕترە، ئەو پۆشـــاكە (ماددی و مەعنەویانە) لە نیشانە و بەڵگەكانی خوای گەورەن بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن و (یادی بەهەشت بكەن.)

*** من زۆر باوەڕم بە پۆشینی بەرگی باڵاپۆشی نییە پاشان پۆشینی سونەتە یان فەرزە؟**

یەكەم :باوەڕت نەبێت بە پۆشینی باڵاپۆشی ئەوا موسڵمانێتیت پێ هەڵدەوەشێتەوە پەنا بەخودا گەورە كاتێك دێیتە ناو ئیسلام بانگەشەی پابەند بوونت كرد بە تـــەواوی بەفەرمانەكانی پەروەردگارەوە، خوای پەروەردگار حەزرەتی ئیبرایم علیه سلام بە كوڕەكەی تاقیكردەوە كە

دوای تەمەنێك چاوەڕوانی خوای گەورە ئەو كوڕەی پێ بەخشـــی بوو، كاتێك كوڕەكەی گەورە بوو پێگەیشت خوای گەورە فەرمانی كرد سەری بڕێت ئایا دوودڵ بوو داوای لەكەس كرد قەناعەتی پێ بكات ؟ یان وتی خەوەكە ڕاست نییە ؟ ئایا ئیسماعیلی كوڕی دوودڵ بوو ویستی ڕابكات ؟ ئایـــا خاتو هاجەرەی دایكی ئەو ژنە بـــاوەڕدارە موهاجیرە ئارامگرە هیچ ناڕەزایەتیەكی دەربڕی ؟ ســـەرەڕای ئەو هەموو هەوڵەی شەیتان لەگەڵ هەموویاندا كردی ؟ ئایا هۆكارەكانی دەزانن ؟! ئیبراهیم علیە ســـلام بە كوڕە تاقانەكەی تاقیكرایەوەو گوێڕایەڵیشـــی كرد ئایا تۆ بۆ پۆشینی پۆشاكێك گوێڕایەڵی ناكەیت؟!!!

واباشە كە خۆت دان بنێیت بە لاوازی ویستو ئیرادەتدا بۆ نەپۆشینی باڵاپۆشـــی، پێویســـتە داوا لە پەروەردگار بكەیت كە هاوكاریت بكات ئەوە باشترە لەوەی بڵێی "من قەناعەتم پێی نییە "ئێمە موكەلەف نین بـــە بەوەی قەناعەت بكەین بـــە فەرمانەكانی خودا بەڵكو موكەلەفین بـــە گوێڕایەڵی خودای گەورە، هەروەك دەفەرموێت: ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴾ واتـــە: (بۆ هیچ پیاوێكی ئیماندار یان ژنێكـــی ئیماندار، نیە كاتێك كە خواو پێغەمبەرەكەی بڕیاری شـــتێك بدەن ئەوان سەرپشـــك بن (لـــە ئەنجامدانی ئەو كارە، چونكە) ئەوەی سەرپێچی بكات لە فەرمانی خواو پێغەمبەرەكەی ئەوە ئیتر بە ئاشكرا گومڕاو سەرلێشێواوە).

تۆش وەك ئەوانە مەبە وتیان "سَـمِعْنَا وَعَصَيْنَا" واتە بیستمان و گوێڕایەڵ نەبووین پەنا بەخودای گەورە.

لەبـارەی ئـەوەی کە ئایا حیجاب فەرزە یان سـونەتە ئەوە دەبێت سـەیری ئـەو ئایەتانە بکەین کە باس لە حیجـاب دەکەن کە زۆر بە ڕاشکاوی فەرمویەتی: ﴿ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ﴾ النور ٣١

واتە: (با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینەو ملیاندا).

ئەی خوشـکەکەم لەوە دەچێت بە تـەواوی دوا بکەویت لەکاروانی ئـەو باوەڕدارانەی کە خوای گـەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾النور ٥١

واتە: (بەڵام گوفتاری ئیمانداران کاتێك بانگ دەکرێن بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی تـا فەرمانڕەوایی بکات لە نێوانیاندا تەنها ئەوەیە کە دەڵێن: بیسـتمان و گوێڕایەڵین بۆ هەموو فەرمانێکی شـەرع، هەر ئا ئەوانەشن سەر فرازو سەرکەوتوو).

موسـڵمانی تـۆ باوەڕبوونـە بـە زیندووبونـەوەی دوای مردن و لێپرسینەوەی ڕۆژی قیامەت، ئەی تۆ چیت بۆئامادە کردووە؟

* من باوەڕم بە پۆشـینی باڵاپۆشـی هەیە بـەڵام باوانم (باوکم) ڕێگریی پۆشینم لێدەکەن، ئەگەر بەقسەشیان نەکەم دەچمە دۆزەخەوە؟

وەڵامی ئەم قسـەیە پێغەمبەر (ﷺ) داوییەتییـەوە فەرمویەتی: (لاطاعـة لمخلـوق فـی معصیـة الخالق) واتـە: نابێت لەسـەرپێچی

فەرمانەکانی پەروەردگاردا بەقسەی کەس بکەیت.

لەئیسلامدا پلەی دایك و باوك – بەتایبەت دایك – بەرزو بڵندە، بەڵکو پەروەردگار لەزۆر جێگەدا ڕێزو شکۆی دایك و باوکی خستۆتە پاڵ پەرستش و یەکتاپەرستی خۆی لە زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکردووە وەك لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا ﴾ النساء ٣٦

واتە: (ئەی خەڵکینە تەنها خوا بپەرستن و هیچ جۆرە شەریك و هاوەڵێکی بۆ بڕیار مەدەن و چاکەکار بن لەگەڵ دایك و باوکتان).

گوێڕایەڵی کردنی دایك و باوك لەهەموو کارێکدا جگەلە کارێك سەرپێچی پەروەردگار بێت، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشۡرِكَ بِي مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٞ فَلَا تُطِعۡهُمَا ﴾ لقمان ١٥

واتە: (ئەگەر دایك و باوکت کۆششیان لەگەڵتا کرد، تا بەبێ هیچ بەڵگە و زانیاریەك هاوەڵ دابنێین بۆ من بە قسەیان مەکە).

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا گوێڕایەڵی کردنیان لە سەرپێچی پەروەردگاردا ڕێگە پێدراو نییە .چۆن بەقسەی دایك دەکەیت و سەرپێچی پەروەردگار دەکەیت کە تۆش و دایکیشت دروست کراوی ئەون؟

* من دەمەوێت وەك ڕۆژئاواییەکان هاوچەرخ و مۆدێن دەربکەوم تا خەڵکی پێم نەڵێن گەڕاوەتە بۆچاغە کۆنەکان.

ئەگەر دیدو بۆچونی ئەوان جێگای گرنگی تۆیە لەوانەیە تۆ ئەگەر مامەڵەت لەگەڵ هەندێك لەو ڕۆژئاوایانە کردبێت بۆت

دەردەکەوێت  ئەوان دەگەڕێن بە شوێن شتی نوێدا کە نایزانن  کاتێك بۆیـــان دەردەکەوێت قســـەکەر لە گەڵیاندایە بـــە زمانی ئەوان دەیکات وە بەعەقڵـــی ئەوان بیردەکاتەوە ئەوا دەســـت بەجـــێ وازت لێدێنن و بەدوای کەسێکی تردا دەگەڕێن کە شتی نوێیان نیشان بدات لە کلتورو مێژوو شارســـتانییەت شتی نوێی لێوەفێربن، ئەگەر تێبینیت کردبێت ئەوان ڕێزی ئەو کەسانەدەگرن کە نەگۆڕاوە و شانازی بە کلتوروییەوە دەکات شـــانازی بە بیر باوەڕییەوە دەکات، ئەوان سەرییان سورماوە لە بەهێزی باوەڕمـــانو ڕۆنەچونمان بۆدنیا، ئەو توانا زۆرەی کە هەمانە بۆجڵەو گیری نەفســـمان و پەرستشـــی پەروەردگار وە لەهەمان کاتدا هەوڵدانمان لەکاردا لەهەموشـــی ســـەیرتر ئەوان بە دوای ئاسودەیی و ئارامی دەروونیدا دەگەڕێن کە لەدینەکەی خۆیاندا دەستیان ناکەوێت، بەڵگەشـــمان بۆئەم قســـەیە زیاد بوونی ژمارەی موســـڵمانانە لە دوای ڕوداوی ١١ ئازاری ٢٠٠١ یەکەوەیە گەڕان بەدوای ئیسلامدا و لەبارەیەوە خوێندیانـــەوە بۆیـــان دەرکـــەوت کە ئاینی ئیســـلام لەگـــەڵ فیترەتی پاکی مرۆڤ دایە ڕێز لەعەقڵ دەگرێتو سەربەســـتی ئیرادەی تێدایە، زۆربەیان خاوەن هیچ ئاینێك نین وباوەڕیشـــیان بە ئاینی دیکە نییە، دەرفەتیشیان بۆنەڕەخساوە کە ئاینی ئیسلام بناسن.

خۆزگە ئەو قســـەیان دەخوێندەوە کە دەڵێن: "Be your self" واتە وەك خـــۆت بـــە بەمانای ئەوەی بەسروشـــت وفیترەتی خـــۆت ڕەفتار بکە بەو شـــێوازە جوانە مامەڵە لەگـــەڵ خەڵکیدا بکە کەخوای گەورە

دروســـتی کردویت جۆراو جۆری سروشت و کەســـایەتییەکان بەڵگەی گەورەیی پەروەردگاری دروستکارە ئەوەش یەکێکە لە پێویستی یەکانی ئاوەدانکردنەوەی زەوی.

ئەوان بناغەی شارســـتانیەتی خۆیان لەســـەر شارستانیەتی ئیسلام بنیـــات نا، ئەو شارســـتانیەتەی لەنـــاو چوو بەهـــۆی دورکەوتنەوەی موسڵمانان لە ئاینی ئیسلام.

ئەگەر تۆ هەڵوێســـتی ڕۆژئاوات بەلاوە جوانە لەســـەر ئافرەت ئەوە هەڵمەخەڵەتێ بەقســـەی باق و بریقەدار و ئـــەو دیاردانەی دەیبینی، تـــۆ بیربکەرەوەو ســـەرنج بدە بزانە کێ ڕێـــزی ئافرەتی لایەوە کێش ســـوکایەتی پێـــدەکات ؟ لەڕۆژئـــاوا ئافرەت بۆتە کاڵایەکی ســـووك بۆ دروســـت کردنی بازاڕو ڕیکلام بۆکاڵا و شـــمەکاکانیان هیچ بەرهەمێك ناخەنە بازاڕەوە تا بەرگەکەی وێنەی ئافرەتێکی ڕوتی لێ نەدەن .

ئاینی ئیســـلام مەکانەت و شـــکۆی داوە بە ئافـــرەت و ەك مرواری پاراســـتویەتی با شـــێوە ئەو بەرگەی کە مرواری یەکەی تێدا جوان و سەرنج ڕاکێش نەبێت بەڵام پێویستە بۆ پاراستنی مرواریيەکە.

ئەگەر لە ئاینی ئیســـلامدا تۆ خاوەن ڕێزو قەدرو شـــکۆ نەبویتایە چۆن دەیپاراســـتی بۆچی تۆ خشـــڵ و ئاڵتونەکانـــت دەخەیتە ناو ناو چەند پاکەتێك و پاشـــان دەیخەیتە ناو سندوق و کلیلی ئەدەیت تەنها لەبەرئەوەیە ئەم شتانەت لەلا بەبەهاو بەنرخە.

ئەگەر ئەم قسانە نەبونەتە جێگەی باوەڕت ئەوا سەیری ئەم وتارە

بکە بەناونیشــانی "نساء غربيات يعشــقن الحجاب" کە لەم سایتە بەم لینکەی خوارەوە بڵاو کراوەتەوە.

(www.lahaonline.com/LahaOpinio/a1-04-06-2002.doc_cvt.htm)

ئەمەش بابەتێکی تر بەناونیشــانی "الســماح لشــرطة مســلمة في امريكا بارتداء الحجاب" ئەمەش لینکەکەیەتی

www.alqanat.com/newstories/a6100701.shtml

* جاری خوای گەورە هیدایەتی نەداوم

توخــوا هیچ کات چاوەڕێی هیدایەت مەکە بێت یان نەیێت خوای گــەورە لەتۆی دەوێت بەویســـت و ئیرادەی خــۆت هەنگاو بنێی بۆی پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿ طَعِمْتُمْ فَٱنتَشِرُواْ وَلَا مُسْتَـْٔنِسِينَ لِحَدِيثٍۚ إِنَّ ذَٰلِكُمْ كَانَ يُؤْذِى ٱلنَّبِىَّ فَيَسْتَحْىِۦ مِنكُمْ ﴾ الرعد ١١

واتــە: (بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قــەوم و گەلێك ناگۆڕێت (لە خۆشیەوە بۆ ناخۆشی، یان لە زەلیلیەوە بۆ سەربەرزی، یان لە گرانیەوە بۆ هەرزانی)هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن).

بۆیە درێژە بەچاوەڕوانییەکەت مەدە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (لا يَزَالُ قَوْمٌ يَتَأَخَّرُونَ حَتَّى يُؤَخِّرَهُمْ اللَّهُ).

بۆیە خۆش بەختی نەبڕاوەی بەهەشــت بەدنیایی فانی مەفرۆشــە واز لەم دوودڵیو ڕاڕاییە بهێنە.

هەوڵ بدە بۆبەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار هەروەك چۆن

ســواری ســوارییەك دەبیت و دەچیت بۆ گەشــتێك بێ ئەوەی بزانی دەگەیتە شوێنی مەبەست.

وەك چۆن دەرمان دەخویت کەچی  ئەوەی شیفا دەدات پەروەردگارە بۆیــە هۆکارەکانی باڵاپۆشــی بگرە بەرو بەدڵ نــزا بکە و بڵێ: (اهدنا الصراط المستقیم).

*** مــن ڕقم لەباڵاپۆشــی یە لەبــەر ئەوەی ڕەفتــاری هەندێك لە باڵاپۆشەکان جوان نییە.**

پێم نا خۆشــە دان بەمڕاســتیەدا بنێم، بەڵام ئەمە واقیعەو ڕاستە لاحــول ولا قوة الا بالله هەندێك کەس هەیە پێنج فەرزە نوێژ دەکات و کاری خراپیــش دەکات، زۆرێــك حەجیــان کــردووە و لەبازرگانیدا سەرڕاســت نییــن حەجەکەیان تەنها بۆچاوبەســت کــردن لە خەڵکی کردووە تالەپشــت ئەو ناوەو کاری تر بکەن  ئایا ئەمە دەبێتە بیانوو بۆئــەوەی ڕقمــان لە نوێژو حــەج بێت ؟ ناکرێت بەهۆی ئەم کەســە خراپانەوە واز لەنوێژو حەج بهێنین لەبەر ئەوە هەڵەکە لە پۆشــاکی باڵاپۆشی یەکە یاخود نوێژ وحەجەکەوە نییە، بەڵکو لە ئاکاری خراپی ئەو کەســانەوەیە بۆیە چۆن دەتەوێت ئاوا ڕق لە ئاکاری ئەو کەســانە بێت بەڵام با ڕقەکەت لە پۆشاکی باڵاپۆشیەکە نەبێت.

پەروەردگار دەفەرموێــت: ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴾ واتە: (دڵنیاش بن کە هیچ کەس کۆڵی گەناهی کەسی تر هەڵناگرێت).

هەرکەس لە ئێمە لەســەر کردەوەکانی خۆیی لێپرسینەوەی لەگەڵ

دەكرێت .نەك لەسەر كردەوەی كەسانی دیكە بیر بكەرەوە لە و ڕۆژەی بەناوی خۆتەوە بانگت دەكەن :ئەی فلانەكەس وەرە بەردەم پەروەردگار كاتێك ســەیری خۆت دەكەیت بەتەنهایت كەست لەگەڵ نییە جگە لە كردەوەكانت لەو ڕۆژەدا كێ بەرگریت لێ دەكات؟

*** دەبمە باڵاپۆش دوای ئەوەی عەمرەیەكم كرد**

لەبەر ئــەوەی پاك بمەوە حەجێك یان عەمرەیەك دەكەم پاشــان دەبمە باڵاپۆش بۆ ئەوەی ئەو بەرگە بە پاكی لەبەر بكەم، ئەوە بزانە تۆ بە پۆشــینی حیجاب تەوبــەت كردووە بەو تەوبەیەش ســەرجەم گوناهەكانت دەســڕێتەوە خوای گەورە كارە خراپەكانت بە كاری باش بۆدەگۆڕێت ئەگەر تۆ دوایی پۆشینی حیجاب بویتە كەسێكی باش بۆیە چونت بۆ زیارەتی حەج یان ئەنجامدانی عەمرە بەدەســت خۆت نییە بەڵكــو خوایی گەورە خۆیی بانگێشــتی ئەو بەندانەی دەكات كەخۆیی ویستی هەیە لەســەرییان تۆ چوزانی كە بە پۆشینی بەرگی باڵاپۆشی لە خوایی گەورە وا نزیك نابیتەكە هەلبژێرێت لەناو بەندەكانیدا بۆ ئەوەی شەرەفی زیارەتی ماڵی خودا وگۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) بكەیت.

*** من لە بەرەی لایەنگرانی ئازادی ئافرەتانم:**

ئەگــەر دەتەوێــت بزانیت قاســم ئەمینو هودا شــەعراوی چییان كردووە ئەوا پێویســتە ئەم بابەتە بخوێنیتەوە لەم سایتەی خوارەوەدا بابەتەكە بەناوی هدی شــعراوی (تكتوی بنیران تحریر المرأة). لینكی سایتەكە http://akhawat.islamway.com/

## لەبارەی قاسم ئەمینەوە ئەم بەسەرهاتە بخوێنەوە

رفیق العظم جارێك ویستی قاسم ئەمین بە شێوەیەکی کرداری تاقی بکاتەوە بۆیە ڕۆژێك چوو بۆسەردانی دوای ئەوەی لەدەرگای دا خزمەتکارەکەی بینی بەپەلە قاسم ئەمینی ئاگادار کردەوە ئەویش هات بۆ بەخێرهاتنی رفیق العظم ووتی من هاتووم بۆلای هاوسەرەکەت هەندێك بابەتی کۆمەڵایەتی لەگەڵ باس بکەم قاسم ئەمین لە وەڵامدا ووتی :هاوسەرەکەم نایەوێت چاوپێکەوتن لەگەڵ پیاواندا بکات !رفیق العظم پێی ووت تۆ بانگەشە بۆشتێك دەکەیت و خۆشت ڕێگری لە هاوسەرەکەت دەکەیت؟ تۆبانگەشەی خەڵکی بۆ شتێك دەکەیت کەبۆخودی خۆت پێی ڕازی نیت؟

قاسم ئەمین ووتی : هاوسەرەکەم پەروەردەی دەستی باوکیەتی بۆیە من لێی بەرپرس نیم رفیق العظم ووتی :ئێمە هەموومان وا پەروەردەبوین وە خەیریش لەوەدایە چاکردن و بەرەو پێشبردنی ئافرەت تەنها خۆیی لە بینین و تێکەڵی پیاودا نابینێ من تەنها ویستم بۆت ڕوونبکەمەوە ئەگینا ئەوەی تۆ بانگەشەی بۆ دەکەیت لای خۆشت نەویستراوو ڕەتکراوەی.

## * دەترســـم ببمە باڵاپۆش و پێم بڵێن بویت بە ئیســـلامی منیش ڕقم لە حیزبایەتییە

دەبێـــت ئەوە بزانیت کچە ئازیزەکەم لە ئیســـلامدا تەنها دووحیزب هەیە خوای گەورە باسی ئەم دوحیزبەی لە قورئاندا کردووە:

حیزبـــی یەکەم: حیزبی خودا ئەوە ی لـــە پەیڕەوانی پەروەردگارن و بەقســـەی فەرمانەکانی دەکەن و دوور دەکەونەوە لەو شـــتانەی ئەو نەهی لێکردووە.

حیزبی دووەم: حیزبی شەیتانی نەفرەت لێکراوە، ئەوانەن سەرپێچی فەرمانەکانی خودا دەکەنو لەســـەر زەویی خراپە بڵاو دەکەنەوە کاتێك بویتـــە باڵاپۆش ئەوا پابەند بویت بەفەرمانـــی خوداوە ئەوکاتە لەگەڵ حیزبی خودا و سەرکەوتوەکانی، ئەگەر جل و بەرگی سافیرەت لەبەرکردو جوانییەکانت دەرخست ئەوا ســـواری کەشتی شەیتان و هاوکارەکانی لە دووڕووەکان و بێ باوەڕەکان بویت ئەوەش خراپترین هاوڕێ بوونە.

نابینـــی چۆن لە لای خودای گەورە و بەرەولای شـــەیتان دەڕۆیت؟ چۆن باش بەخراپ دەگۆڕیتەوە؟ ئەی کچە ئازیزەکەم بگەڕێرەوە بۆلای پەروەردگار یاســـاکانی جێبەجـــێ بکـــە ﴿ فَفِرُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۖ إِنِّي لَكُم مِّنۡهُ نَذِيرٞ مُّبِينٞ ﴾ الذاريات واتە: (بەپەلەو گورج و گۆڵ بن بۆ بەدەســـت هێنانی ڕەزامەندی خوا، بۆ هەرچی پەروەردگار پێی خۆشە، دڵنیاش بن کەمن (واتەپێغەمبـــەر (صلى الله عليه وســـلم) لەلایەن خواوەترســـێنەرێکی ئاشکرام ئەگەر یاخی و سەرکەش بن).

باڵاپۆشـــی پەرستشێکی ڕاســـت و ڕەوانی پەروەردگارە گوێ بۆ قسە و بیروبۆچونی خەڵك مەگرە لەبەر ئەوەی پەروەردگاری دروســـتکارو دانا بڕیاری لەســـەر پۆشینی ئەو پۆشاکە داوە .لەبەر بەدەست هێنانی ڕەزامەنـــدی پەروەردگار و داوا کردنی ســـۆزو میهرەبانی و بەدەســـت هێنانـــی بەهەشـــت ئەوا قســـەی شـــەیتانەکانی ئینســـان و پەری بدە بەدیواردا دایکانی باوەڕداران و ژنانی هاوەڵان و ژنە موجاهیدو زاناکان بکە بەسەرمەشقی خۆت.

لەدوای پۆشینی باڵاپۆشی پێویستە  کچەکەت گوێ لە نموونەی ئەم قسانە بگرێت:

کچەکەم :بەخودا من خۆشحاڵو ئاسودە دەبم کە دەتبینم کە چۆن گوێڕایەڵـــی فەرمانەکانی پەروەردگاری خۆشـــحاڵم بە باڵاپۆشـــیەکەت بەبینینـــی هەر کچێك کـــە تازە بۆتە باڵاپۆش وەك تۆ ئاســـودە دەبم واهەســـت دەکەم زیاد بونی باڵاپۆشـــان ئاماژیەك بێت بۆگەڕانەوە بۆ فیترەت و لابردنی ئەو نەزانی نەفامییە بێت کە لەسەردڵمان دروست بوو بەهۆی دورکەوتنەوەمان لە دینەکەمان!!

کچەکـــەم باڵاپۆشـــی هەنگاوێکـــی گەورەیە لەو ڕێگایـــەی کە بەرەو خۆشەویســـتی پـــەروەردگارو ڕەزامەندی ئەوت دەبـــات ئەمەش کۆتایی ڕێگا نییە، بۆیە زۆر ئاگاداربە کەشـــەیتان لەم ڕێگا دوورت نەخاتەوە و بتگێڕێتەوە بۆ بەرلەکاتی باڵاپۆشـــی بۆیە لەو ڕێگایە هەنگاوێك بەرەو پێشـــەوە هەنگاو بنێت ئەوا خوایی پەروەردگار کار ئاســـانیت بۆدەکات

بۆنزیك بونەوە لێی ئارامی و ئاســودەیت پێ دەبەخشێت بەردەوام بەو ئاوڕبۆدواوە مەدەرەوە، بەڵکو سوپاسی خوا بکە کە ئێستا هەوڵ دەدەیت دۆست و هاوڕێ کانت لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار بکەیت دەستخۆشی لێ بکەو هانی بدە لەســەر ئەم هەنگاوە پیرۆزە بە ســۆزو میهرەبانی و دانایی و ئامۆژگاری باش پێی بڵێ کە هەمیشە دەم بە یادی خودا بێت و بەشداری کۆڕی زانســتی شــەرعی بکات چونکە لەو کۆڕانە دەستە خوشکانی وەك خۆی لێیە هەریەکەیان ئەوی دیکە ئامۆژگاری دەکەن لەسەر پەرسشتی پــەروەردگار ان شــاء الله هەموتــان دامەزراو دەبن هەموتان پاداشــتی چاکەکانتــان وەردەگرن دەبنــە چراخانی دەوری عەرشــی پەروەردگار لەڕۆژی قیامەتدا ان شاء الله .ئێستا بەچرپە ئەمانەی خوارەوت بۆباس دەکەم تا یادخستنەوەیەك بێت بۆ من وتۆش خوایی گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَذَكِّرْ فَإِنَّ ٱلذِّكْرَىٰ تَنفَعُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٥﴾ ﴾ الذاريات.

١- خوا پایەدارت بکات لەســاتی پۆشینی بەرگ و پۆشاکی باڵاپۆشی یەوە، بویتە ڕەمزێك بۆئیسلام ئای ئەوە چ شەرەفێکە بەخودا سوێندت ئەدەم تۆش چاك بە بۆئیسلامەکەت.

٢- تۆ پێشــەنگی ئەمــەش بەمانای ئەوە نایێت کــە ناکەویتە ناو هەڵەوە بەس ئاگادار بە واز لە سەرپێچی بهێنە.

٣- هەزاران ئافرەتی باڵاپۆش ناتوانن کار لە نەفسێك بکەن هێندەی باڵاپۆشــێك کە شانازی حیجابو خۆشەویســتی ڕاستەقینەی بۆ خوای گەورە ڕاگەیاندبێت.

٤- باڵاپۆشـــییەکەت چاکەو ڕێزی پەروەردگارە بەسەرتەوە سوپاسی پەروەردگار بکە کەخوای گەورە تۆی ڕزگار کردو زۆری تری تاقیکردەوە، بۆیەهەمیشە دوعا بکە.

٥- بیرت بێت ئەوانەی کە باڵاپۆش نین‌و بونەتە قوربانی دەستی شـــەیاتینی مرۆڤ و پەری جـــارێ کاتی هیدایەتیـــان نەهاتووە، بۆیە نـــەرم و نیان بە لەگەڵیان، ئەو ئایەتـــەی پەروەردگار لە بیرمەکە کە دەفەرمویـــت: ﴿ كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبْلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ ﴾ واتـــە: (خۆ کاتی خۆی ئێوەش وابوون (باوەڕتان شـــاراوە بوو) تا خوا منەتی نایە سەرتان (سەرکەوتنی پێبەخشین و دەرووی لێکردنەوە))

٦- وامەکە کە پۆشاکی باڵاپۆشیەکەت تەنها بۆجوانی بێت تەنانەت ئەگەر بۆهۆکاری بانگەوازیش بێت، کچەکەم با هەمیشە ئەوەت لە بیر بێت کاتێك حیجاب دەپۆشیت ئەوا پاداشت وەردەگریت:

١- پاداشـــتی بیســـتن و گوێڕایەڵی و ڕازی بوون و تەســـلیم بوون بە فەرمانـــی خواو پێغەمبـــەر (ﷺ) بردنەوەی بەهەشـــتێکە کە بە ژێریدا ڕوبارە دەڕوات و پڕە لەنازو نیعمەت پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴾النساء ١٣

واتە :ئەوەی بە قسـەی فەرمانی خواو پێغەمبەر (ﷺ) بکات ئەوا دەچێتــە بەهەشـــتێکەوە کە ڕوبـــار بەژێریـــدا دەڕوات و تێدانامرون بۆهەمیشە دەژین ئەمەش بردنەوەیەکی گەورەیە"

**٢- پەرستشـــێکە لە خوای گەورەت نزیك دەکاتەوە بەپێی قســەی پـــەروەردگار کە لـــە فەرمودەیەکی قودســـیدا دەفەرموێت:** (إذا تقرب العبد إلي شـبراً تقربت إليه ذراعاً، وإذا تقرب إلي ذراعاً تقربت منه باعاً، وإذا أتاني يمشي أتيته هرولة)) رواه البخاري

**واتـــە: ئەگەربەندەیەك بیســتێك لێم نزیك بێتـــەوە، من یەك باڵ لێیەوە نزیك دەبمەوە، ئەگەر یەك باڵ لێم نزیکبێتەوە من هەنگاوێك لێـــی نزیکدەبمـــەوە، ئەگـــەر بەڕێکـــردن بێ بـــۆلام مـــن بەهەڕوەلە (ڕێکردنێکی نەهێواش و نەخێرا) بۆلای دەچم.**

**٣- خـــوای پەروەردگار باڵاپۆشـــی حەز پێیەو خۆشـــی دەوێت وای دابنێ کە بە پۆشینی بەرگی باڵاپۆشی خۆشەویستی پەروەردگار و ڕازی بونی ئەو بەدەست دەهێنی لەبەر ئەوەی کارێك دەکەیت کە ئەو حەزی پێدەکات پـــەروەردگار لە فەرمودەیەکی قودســـیدا دەفەرموێت:** ("وما تقرب إلي عبدي بشـــيء أحب إلي مما افترضت عليه وما يزال عبدي يتقرب إلي بالنوافل حتى أحبه فإذا أحببته كنت سـمعه الذي يسـمع به وبصره الذي يبصر به ويده التي يبطش بها ورجله التي يمشي بها وإن سألني لأعطينه ولئن استعاذني لأعيذنَّه..." صحيح البخاري ٦٠٢١

**واتە: بەندەکەم بەهیچ شـــتێك لێـــم نزیکنابێتەوە وەك ئەوەی بە ئەنجامدانی فەرزم کردووە لەســـەری لێم نزیکدەبێتەوە و حەزم پێی هەیە ،بـــەردەوام بەئەنجامدانی ســـوننەتەکان لێـــم نزیکدەبێتەوە تا ئەوەی دەبمە گوێی کە پێی دەبیستێ و دەبمە چاوی کە پێی دەبینێ و**

دەستیکە کاری پێ دەکات و پێی کە هەنگاوی پێ هەڵدەگرێ، کە داوای شتێکم لێ بکات پێی دەدەم و پەنام پێ بگرێ پەنای دەدەم.

٤- پاداشتی ئارامگری لەسەرگوێڕایەڵی پەروەردگار ئارامگری لەسەرپێچی پەروەردگار وەلەسەر گاڵتە جاڕی خزم و کەس و کار وە لەسەر بەرزی پلەی گەرما چەند گەرمات بێت و ئارەق بکەیت بەهۆی پۆشینی بەرگی بالآپۆشییەوە هەر دڵۆپێك لەوئارەقە بە پاداشت دا دەنرێت لای پەروەردگار، هیچ کات نیگەران مەبە لە بونی عارەق و گەرمی پۆشاکەکەت ئەوە هیچ نییە جگە لە ئارام گرتنی خۆشەویستێ بۆدەست هێنانی مەحیبەت و ڕازی بوونی خۆشەویستەکەی، هیچ بەرزی پلەی گەرما ساردت نەکاتەوە لە پۆشینی ئەو بەرگە چونکە باش لەمانای ئەو ئایەتەی پەروەردگار گەشتویت کە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا لَّوْ كَانُوا يَفْقَهُونَ ﴾ التوبة واتە: (پێیان بڵێ: ئاگری دۆزەخ بەتینتر و بەهێزترە لەگەرمیدا ئەگەر تێ بگەن و بیرو هۆشیان بخەنەکار).

٥ - پاداشتی سەرخستنی ئیسلام لە ڕێگای سەرخستنی بالآپۆشی شەرعییەوە بە پۆشینی تا زۆربێت لە کۆمەلگادا ئەوا مژدە بدە بەسەربەرزی و شکۆمەندی بە بەڵگەی ئەم ئایاتە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴾ الحج ٤٠

واتە: (سوێند بێت بێگومان خوا ئەو کەسە سەردەخات کە پشتگیری ئاین و بەرنامەکەی دەکات و هەواڵی سەرخستنی دەدات، بەڕاستی خوا زۆر بەهێز و بالآدەستە).

٦- پاداشـــتی هەڵگرتنـــی شـــوێن پێی چـــاکان و ژنانی پێشـــەنگ بەجۆرێـــك وابکەیت کە لەوان بچیت لەعەبدوڵای کوڕی مەســـعودەوە ڕەزای خوایی لەســـەربێت دەگێڕێتەوە (جاء رجـل إلى (ﷺ)، فقال: يـا رسـول الله، كيف تقول في رجل أحب قومـاً ولم يلحق بهم؟ فقال رسول الله (ﷺ): "المرء مع من أحب").

واتـــە: پیاوێك هاتـــە لای پێغەمبەری خوداو وتی: ئەی پێغەمبەری خـــودا چی بە کەســـێك دەڵێیـــت قەومێکی خۆش بوێـــت بەڵام پێیان نەگەیشتبێت؟ پێغەمبەریش فەرمووی مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسە دەبێت کە خۆشی دەوێت.

٧- پاداشـــتی پاکڕاگیری خۆت چونکە فەرمانت پێکراوە کە ناموس ونەفســـی بپارێزێت باڵاپۆشیش بەهەمان شـــێوە پەرستشە و پاداشتی لەسەر وەردەگریت.

٨- پاداشـــتی پاراســـتنی کۆمەڵـــگا لە دروســـت بونـــی تێکەڵاوی و بڵاوبونەوەی کاری خراپ تۆ بە پۆشـــینی بەرگو پۆشـــاکی باڵاپۆشـــی لەگەڵ خوشـــکانی تری باڵاپۆش وەك بەنداوێکی پتەوو ڕاگر لەبەردەم بەدڕەوشتی وبەدکرداری لەوڵاتەکەدا وەستاون ئەگەر ژمارەی باڵاپۆشان کـــەم بـــوون لەوڵاتدا ئەوا لافاو بە دڵۆپێ باران دروســـت دەبێت، بۆیە پۆشاکی باڵاپۆشی لەبەر بکەو وابزانە تۆ ئەو دڵۆپە بارانەیت.

٩- پاداشتی بڵاو کردنەوەی ئاکاری جوان ئەگەر کۆمەڵگا ئافرەتانی هەموو باڵاپۆش بن ئەوا داوێن پاکی بڵاودەبێتەوە بەرگی باڵاپۆشییەکەت

بناغــەی پتەوی چاکەخوازی ییە، بۆیە بەتوندی دەســتی پێوە بگرەو چونکــە گێژەڵوکەی خراپەکاران زۆر توندو بەهێزە بۆیە ئەگەرخاوەن ئیمانێکــی بەهێز نەبێت حیجابەکەت وەکو گەڵایی دار ئەو گێژەڵوکە دەیبات.

١٠- پاداشــتی بەهێزکردنــی یەکێــك لەدیاردە ئیســلامییەکان کە گەلانی موسڵمانی پێ جیادەکرێتەوە پێچەوانەی جولەکەو گاورەکان و جگە لەوانیش کەسانی ترە، خوشکم سوپاسی خوای گەورە بکە کەتۆیی هەڵبژاردووە بۆئەم کارە ئەویش باڵاپۆشــییە کە تایبەتە بە ئافرەتی موسڵمان.

١١- پاداشتی هاریکاری لەسەر کاری چاك و تەقوا .خوایی گەورە لە قورئانــدا دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴾ المائدة

واتە: (یارمەتی و کۆمەکیی یەکتر بکەن لەســەر چاکەو خواناسی، نەکەن یارمەتی وکۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر گوناهو دەستدرێژی، لە خوا بترســن و پارێزکار بن، چونکە بەڕاســتی خوا زۆر بەتوندی تۆڵە دەسێنێت).

خوشــکەکەم تۆ بە پۆشــینی بەرگی باڵاپۆشــی دەبیتــە هاریکاری خوشــکانی تری باڵاپۆش کە لاوانی موســڵمان بەهۆی ئێوەوە دەتوانن دەروونــی خۆیان بپارێزن دەســت بــە ئاینەکەیانەوە بگــرن و دڵیان نەچێت بەلای خراپەو تاواندا ئەگەر ئەوان شــوێن کاری خراپ کەوتن

ئەوا بزانە تۆ هۆکاری ئەمە بویت بەپێی ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر (ﷺ): (لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه). واتە کەسێك لە ئێوە ئیمانی نییە ئەگەر بۆخۆی پێی خۆشە بۆ براکەی پێی خۆش نەبێت.

وانابینم کە تۆ حەز بکەیت کەس ببێتە هۆکاری دۆڕاندنی قیامەتت ئەی چۆن ڕازی دەبیت کە کەسانی تر دوارۆژیان بدۆڕێت.

**لە ئەزمونی دایکانەوە:**

دایکێك دەڵێت: "کچەکەم هەندێك ڕوخساری جوان بوو کەتەمەنی گەیشتە ٣ساڵ سەرپۆشەکەی منی دەبردو وەك چۆن من لەبەردەم ئاوێنەکەدا سەرپۆشەکەم چاك دەکرد ئەویش وای دەکرد هەرکاتێك ئەم کارەی دوبارەدەکردەوە ڕوخساری جوانتر دەبوو ئەمەش منی زیاترخۆشحاڵ دەکرد و پێم دەوت :ماشاالله سەیر بکە بە حیجابەکەتەوە چەند جوان بویت ڕوخسارت دەدرەوشێتەوە بەم قسانەی من خۆشحاڵ دەبوو سەیری ئاوێنەی دەکردەوە دەیبینی ئەوەی من پێی دەڵێم وایە زۆر خۆشحاڵ دەبوو، دوای سێ ساڵ لەگەڵ خۆم بردم بۆبازاڕ پێداویستی عەمرە بکرم پێم وت کەخۆی حەز بەچی دەکات بۆی بکرم ئەویش سەرپۆش و عەبایەکی هەڵبژارد بەرلە گەشتی عەمرە کە هەرکات ئەیکردە بەری و تاقی دەکردەوە من خۆشحاڵی خۆم بۆ دەردەبڕی کەچەند جوانە لەبەریدا ئەم خۆشحاڵی دەربڕینەی من بوو بە هەستێك لەناخی ئەودا.

من وامزانی ئەو تەنها لە کاتی ئەنجامدانی مەناسیکەکانی عەمرە جلو بەرگی باڵاپۆشی لەبەردەکات بەڵام دووەم ڕۆژکە گەیشتینە شاری مەدینەی پیرۆز هەرکات بۆ هەر پێویستیەك بهاتایە دەرەوە یەکسەر سەرپۆشی دەکردو عاباکەی لەبەر دەکرد میش وازم لێهینا کەچۆن پێی خۆشە وابکات سووربوو لەسەر کڕینی سەرپۆشێکی دیکە بەڵام بەر لەگەڕانەوەمان هەستم کرد ناتوانێت بەم شێوەیە بەردەوام بێت چونکە ئەو جارێ منداڵە دەمزانی دوای ئەنجامدانی گەشتی عەمرە دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی سروشتی خۆیو جل و بەرگی وەرزشی کورت لەبەردەکات و دەچێت بۆیانەی وەرزش بۆیە بەر لەگەڕانەوەمان پۆشاکی حیجابەکەم لێ شاردەوە کاتێك پرسیاری جل و بەرگی حیجابەکەی کرد ووتم کات درەنگە ناتوانم بۆی بگەڕێم گەشتەکەمان بێ ئەو کردو زۆر بەلایەوە ناخۆش بوو، کاتێك گەڕاینەوە پۆشاکەکانم پاك دەکردەوە و ڕێکم دەخستنەوە پۆشاکی حیجاب و سەرپۆشەکەیم خستەوە ناو دۆڵابی جل و بەرگەکەی بۆ ئەوەی کە چوین بۆمزگەوت لەبەری بکات کاتێك جلو بەرگەکەی لە دۆڵابەکەدا بینی یەکسەر لەباوەشی گرت وەك ئەوەی کەسێکی زۆر ئازیزی دەمێك بێت نەی بینی ئەوەندە بە تاسەوە پۆشاکی حیجابەکەی لە ئامێزگرت بۆیەکەمجار کە بەو پۆشاکە شەرعییەوە لەماڵەوە چوینە دەرەوە لەنزیك ماڵی خۆمان دراوسی یەکی خۆمان بینی یەکسەر بەکچەکەمی ووت ئای ئەوە چییەو بەمنداڵییە چ پێویست دەکات پۆشاکی باڵاپۆشی لەبەر بکەیت تۆ جاری

منداڵی  قسەی دراوسێ کەمانی زۆر بەلاوە ناخۆش بوو منیش ویستم بۆی ڕوون بکەمەوە کەجارێ ئەو منداڵەو ئاسـاییە حەز بە باڵاپۆشی بـکات  بەڵام خوای گەورە ڕوخسـەتی داوە لەم تەمەنە ئەو پۆشـاکە لەبەر نەکات هەتا ئەگاتە قۆناغی ئامادەیی ئەو ئێسـتا ئەو پۆشاکەی خـۆش دەوێت حـەز دەکات کە گـەروە تر بوو لەبەری بکات ئێسـتا بە پۆشـاکی ترەوە ئەچێتە دەرەوە هەرچەندە ئەو هەمیشـە باسـی یادگارییە خۆشەکانی دەکات کەلە عەمرە بووە پۆشاکی باڵاپۆشییەکەی خسـتۆتە ناو دۆڵابی جل و بەرگەکەی‌و دەیەوێت بۆ گەشتی عەمرەی داهاتوو کە زۆر بۆی تامەزرۆیە لەبەری بکات.

دایکێکـی تر دەڵێـت:  کاتێك کچەکـەم گەیشـتە تەمەنی ئەوەی جلـی حیجاب لەبەر بـکات ڕازی نەبوو  ئەو مەسـەلەی لەگەڵ باس بکـەم منیش وازم لەو مەسـەلە هێنا بیرۆکەی (جانتای باڵاپۆشـیم) بەکارهێنـا لەم ڕێگایەوە دەسـتم کـرد بە کۆکردنـەوەی ئەو جل و پۆشـاکە باڵاپۆشـانەی هاوڕێ کانم کـە ماوەیەك لەبەریـان کردبوو دواتـر بەکاریان نەدەهێنـا کۆمکردنەوەی پاك هەموویان شـۆردو بە کچەکـەم ووت وەرە لەگەڵم با ڕێکیان بخەین و قەدیان بکەین و هەر کۆمەڵەیەك لەم پۆشـاکانە لەجانتایەك دابنێین سەیرم دەکرد کچەکەم سەرنج لە مۆدیلی پۆشاکەکان دەدات و هیچی نەدەوت لەسەریان کاتێك زانیم کۆمەڵێك خێزانی هەژار هەیەو کچیان هەیە لەو تەمەنەدان کە پێویستە پۆشاکی شەرعی لەبەر بکەن منیش چەند هاوڕێ یەکی خۆم

بانگێشت کرد کەدەمزانی دەتوانن قسە بکەن لەو بوارەدا بانگێشتی ئەو خێزانە دەســت کورت و هەژارانەمان کــرد کە خۆیان کچەکانیان بێن پێمان ڕاگەیاندن کە پۆشــاکی باڵاپۆشــمان لایە و بەخۆڕایی دەیدەین بەوانەی کە حەزبە پۆشینی دەکەن زۆرێك لە و کچانەی ئامادە بوون وتیان ئێمە حەزمان بەو پۆشاکانە هەیە من و هاوڕێ کانم و کچەکەم دەســتمان کرد بە بەخشینی پۆشاکەکان کچەکەم کاتێك دەیبنیی ئەو کچانەچەند خۆشــحاڵن بەو پۆشــاکانەکە تا ئێســتا لەبــەر نەبونی و نــەداری بۆیــان نەکــڕاوە، بۆیــە ڕامانگەیاند کەدیــداری دووەهەمان لەگەڵیان لەسەرباســکردنی هەستی خۆیان و ئەزمونی خۆیان لە دوای پۆشینی باڵاپۆشی دەبێت ، بێ گومان کچەکەم بۆ ئەو دیدارە بانگێشت کرد زۆر خۆشحاڵ دەبوو بە بیستنی چیرۆکی ئەو کچانەی کە هاتبوون و باســی خۆیان و ئەزمونی دوایی پۆشــینی ئەو پۆشاکە شەرعییەیان دەکــرد ،هەمــووی یەك مانگی پــێ نەچوو -ســوپاس بۆخوا- لەگەڵ کچەکــەم دەچوین بۆ بازاڕ سەرپۆشــی دەکڕی پێــی دەوتم ئایە ئەمە گونجاوە لەگەڵ ڕەنگی ڕوخسارم؟

دایکێکی تر: بەڕاســتی زۆر سەرســام بوو بەو موحازەرەی بانگخواز عەمرو خالد بەهەمان شــێوە هەمان وانەی شــێخ وەجدی غنیم : زۆر حەزم دەکرد کچەکەم گوێی بۆ بگرێت بەڵام زۆر دڵنیا بووم ئەگەر پێی بڵێم ڕازی نابێت بۆیە بیرم کردەوە کە گەشــتێك ســاز بکەم کە هاوڕێ کانم و کچە کانیان بهێنن دەمزانی کچەکەم حەزی بە هاوسەفەری هەیە

لەگەڵیان ، بە پاص گەشتە کەمان ئەنجامدا بۆ ئەوەی کاتێك زۆر پێکەوە بمێنیەوە، چونکە ڕێگاکە دور بوو بەهاوڕێ کەم ووت کە شریتی (الجنە) ی بانگخـــواز عەمرو خالد بخاتە ســـەری تا هەمومـــان گوێی بۆ بگرین بـــێ گومان هەموویان حەزیان بە بیســـتنی دەکرد ئـــەو ڕۆژە هەمووی خەون و خەیاڵیان لای خۆشی یەکانی بەهەشت بوو هەفتەی دوای ئەوە ئیفتارێکی بە کۆمەڵمان ســـازکرد لە دوای ئیفتارەکە هەمومان ســـەیری وتاریکـــی فیدیۆیی بانگخـــواز عەمرو خالدمان کرد کە باســـی تەوبەی دەکـــرد بەڵام پێمان نەوتن وەرن گوێ بگـــرن بەڵکو دەنگی وتارەکەمان زیـــاد کـــرد ئەوەندی پێ نەچـــوو یەك یـــەك و دوو دوو دەهاتن هاتن بۆ گوێ گرتن لە وتارەکە هەر لەو کۆبونەوە وتمان شـــوێنێك پێشـــنیار بکـــەن کە بۆجاری داهاتوو بچین هەمویـــان پێیان خۆش بوو بچین بۆ گوندێکی گەشتیاری ئێمەش بڕیارماندا کە بچین، ئەو ڕۆژەش کاسێتێکی بانگخواز عەمرو خالدمان هەڵبژاردکە باسەکەی لەسەر (باڵاپۆشی) بوو، لـــە وتارەکەیدا باســـی لەوە دەکرد کـــە کچان بۆچی نابنـــە باڵاپۆش و هۆکارەکانی باس دەکردو وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە هەتا گەیشتینە شـــوێنی مەبەست گوێیان بۆگرت پاشان کە گەڕاینەوە وتاریکی تایبەتی شـــێخ وجدی غنیم مان خســـتە سەری کە باســـی باڵاپۆشی دەکرد دوای تەواوبوونی وتارەکە کچەکان قســـەیان لەســـەر وتارەکە دەکردو ئێمەش وەڵامی پرسیارەکانمان دەدایەوە بەم هۆیەشەوە کچەکان هەستیان بۆلای حیجاب جوڵا و دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لێی..

## لەکۆتاییدا بالآپۆشی....

* مانایی ڕێزی تێدا دەدرەوشێتەوەو هەندێك كەس بە ئیهانەكردن سەیری دەكەن.

* خــۆی ئازادی و سەربەســتی یــەو هەندێك بەكــۆت و بەندی دەبینین.

* شارستانییەتە و هەندێك بە دوا كەوتوی دەزانن.

* مانــای ژیانــە هەرچەند هەندێك دەڵێن ئەم پۆشــاكە بۆ مردو باشە.

* بەرزبونەوەو شــكۆیە كەچــی هەندێك لە خەڵكــی بە كەوتنی دەزانن.

* ئەگەر سەرســام دەبیت سەرســام بە بەوكەســەی كــە نایەوێت بەرپەرچی بداتەوەو

پاشــان توشی سەرسام بوون دەبیت بەكەســێك كەلەبەری ناكات و نایپۆشێت تەنها لە كاتی نوێژدانەبێت.

## سەرچـــاوەکان

١. فضيلة الشـيخ" محمد ناصر الدين الألباني". حجاب المرأة المسلمة في الكتاب والسنة.

٢. الحجـاب إيمـان طهارة تقوى حيـاء، مقالة في ركـن الأخوات طريق الإسلام.

٣. المصدر السابق.

٤. الداعية الإسـلامي الأسـتاذ "عمرو خالد".حلقة مقتل عثمان؛من حلقات "ونلقى الأحبة" على قناة إقرأ الفضائية.

٥. محمد سعيد مرسي. فن تربية الأولاد في الإسلام،ج٢؛ص ١٢٩ .

٦. سـعاد عبد الرحمـن الولايتي. عوديهـا الحجاب: مقالة علـى موقع لها أون لايـن http://٦٨,١٩١,٧٠,٦٤/a١/Motherhood/family-١٠-٥-٢٠٠٢.doc - cvt.htm

٧. حنـان عطيـة الطـوري. الـدور التربـوي للوالديـن فـي تنشـئة الفتاة المسلمة،الجزء الأول: في مرحلة الطفولة.الرياض،المنتدى الإسلامي .ص٣٢

٨. محمد سعيد مرسي.فن تربية الأولاد ، ص١٣٤

٩. هبة حسين. طفلك واحترام ذاته. القاهرة . دار المعارف،١٩٩٧

١٠. حنان عطية الطوري .الدور التربوي للوالدين: ص٤٧-٥٥) )

١١. د. محمـد محمـود عبـد الله. كيـف نربـي أولادنـا؟ الريـاض. دار الشواف،١٩٩٣

١٢. حنان عطية الطوري الدور التربوي للوالدين : ص٤٧-٥٥) )

١٣. فضيلة الشــيخ "محمد ناصر الدين الألباني ".حجاب المرأة في الكتاب والسنة.ص ٦٢-٦٣

١٤. أحد المستشــارين بباب معا نربي أبناءنا،على موقع إســلام أون لاين- بتصــرف): في مقالة :" المراهقات الحجاب الصلاة برنامج للاقتراب في باب معا نربي أبناءنا

١٥. فضيلة الشــيخ" محمد راتب النابلســي". دروس أســماء الله الحســنى :قــرص مضغــوط من إنتاج شــركة أريــب، وهي متاحة علــى موقع.www (( islamway.com

١٦. فضيلة الشيخ "صفوت حجازي" في محاضرة له عن حب الله

١٧. فضيلة الشيخ "محمد راتب النابلسي" بعض الحكم العطائية : ٣/١ أحد الدروس المتاحة على موقعه www.nabulsi.com

١٨. د. محمد محمود عبد الله. الرياض. دار الشواف،١٩٩٣

١٩. د. محمد ندا. الحجاب وتأثيره على صحة وســلامة الشــعر،مقالة على موقــع: www.albehari.net/weman.htm ٢٠. إلــى الحجاب من جديد. مقالة منشــورة على موقــع www.islamway.com ضمن باب :" مقالات ومطويات"

٢١. د. هويدا اســماعيل. أعذار مــن لا ترتدي الحجاب وبيان تهافتها،مقالة منشــورة في باب "الأسرة السعيدة" ، على موقع .http://www.islamweb htm.net/family/wemlibration/wemlibration٢٢

٢٢. د.هويدا إسماعيل .المصدر السابق

٢٣. د. هويدا إسماعيل.المصدر السابق ،بتصرف

٢٤. د.هويدا إسماعيل .المصدر السابق

٢٥. الداعية الإسـلامي الأستاذ "عمرو خالد". درس "الحجاب"، وهو أحد دروس سلسلة "الأخلاق" على موقعه www.forislam

٢٦. إلى الحجاب من جديد .

٢٧. الداعية الإسلامي الأستاذ" عمرو خالد". درس "الحجاب "

٢٨. عبلة محمد سعيد. الإيمان أم الحجاب؟! مقالة في باب "دعوة ودعاة"، قسـم:زاد المسير، على موقع http://www.islamonline.net/arabic/daawa/٢٠٠٢/٠٨/١٣article.shtml (٢٠٠٢/٠٨/٢٥)

٢٩. الداعية الإسلامي الأستاذ "عمرو خالد". درس "الحجاب"

٣٠. د. هويدا اسماعيل. أعذار من لا ترتدي الحجاب.

٣١. الداعية الإسلامي الأستاذ "عمرو خالد". درس الحجاب

٣٢. المصدر السابق

٣٣. المصدر السابق، بتصرف

٣٤. المصدر السابق

٣٥. د. هويدا إسماعيل .أعذار من لا ترتدي الحجاب،بتصرف.

٣٦. الداعية الإسـلامي الأسـتاذ "عمـرو خالد".درس الحجـاب ؛ ودرس الطريـق إلـى الجنـة: أحـد دروس رمضـان ١٤٢٢هـ على موقـع www.forislam.com )

٣٧. د. هويدا إسماعيل. أعذار من لا ترتدي الحجاب.

٣٨. همســات في آذان المحجبات .كتبها : المشــرفة؛ مساهمة من لبنى في ركن الأخوات http://akhawat.islamway.com بتصرف:

٣٩. عندما ترتدين حجابك ماذا تحتسبين؟ نقلته مشرفة ركن الأخوات على موقع عن كتاب"كيف تحتســبين الأجر في حياتك اليومية" تقديم: فضلية الشيخ د. عبد الله الجبرين

تأليــف: هناء بنــت عبد العزيز الصنيــع. على موقــع.http://akhawat.islamway.com

٤٠. عبلة محمد سعيد. الإيمان أم الحجاب؟!

# چۆن بالاپۆشی
# لای کچەکەت
# خۆشەویست دەکەیت؟